# اوراز شاعرانەترین شعر شهریور

مانگنامەی ئەلەکترۆنیکیی ژن ساڵی دووهەم ژمارە شازدەهەم خەرمانانی ٩١

# گۆڤاری ژن ژمارە ١٧



# GOVARÎ JIN


ئەدەبی و هونەری و ...

کوردی و فارسی

ساڵی دووهەم ژمارەی شازدەهەم خەرمانانی ٩١

مودیر مەسئوول

مادی ئەرجومەندی

سەرنووسەر

ئەمیر ئەسعەد خالیدی

دەستەی نووسەران

سوبحی سەلیمی

هەڵچن

ئەمیر پەڕغازە



jingovar@yahoo.com

www.jingovar.blogfa.com

# پێرست

سەروتار
ڕسکانی هونەری/ئەمیر ئەسعەد خالیدی.....................................................٥
وتار
کوردستانی سوور ئاواتی مەزنی سۆڤییەت/هاشم زوورئاوەر.................................٧
ژنان و ئازادی/جەلال کیشوەر دووست.........................................................٢٢
ویلیام فاکنەر لە ڕوانگەی ویل دۆڕانتەوە/هاشم عەلی وەیسی................................٢٨
ژیاننامە
محەممەد ئەوراز/گۆڤاری ژن.......................................................................٤٩
دەستخۆشانە
بەهێزترین ورە، بەهێزترین وەرزشوان/سیامەند ڕەحمان/ئەمیر پەڕغازە.......................٥٣
چیرۆک
لە شەوێکی بارانیدا/ک.د.ئازاد.......................................................................٥٦
شێعر
گەڕەک/نادر خزریان.....................................................................................٦٥
بۆ ڕوحی خوالێخۆشبوو حەمەی ئەوراز/سامان مەنسوری........................................٦٧
راز/شبنم رستگار..........................................................................................٦٨
***/هێمن قوربانی........................................................................................٧٠
ژوانی باران و دار هەنار/سوبحی سەلیمی..........................................................٧١
روح گرسنه/ستاره چگینیان.............................................................................٧٥
یاد ئاوا/هەستیار ڕۆستەمی.............................................................................٧٧
ڕەنگە ڕۆژێک/ک.د.ئازاد................................................................................٧٩
سەفەر/ف.ر.ئومید.......................................................................................٨٤
بۆ تۆ ئەگەر لەبیرت بێ/مادی ئەرجومەندی.....................................................٨٥

# پرسکانی هونەری

ئەمیر ئەسعەد خالیدی



پێشینیان فەرموویانە "گیا بە ڕیشە و باوک بە پیشە" یان لەوە خۆماڵیتر بیستوومانە "گیا لەسەر ڕیشەی خۆی دەڕوا و لە ڕەگەزی لانادا" ئەگەر هەندێ لە بنە ماڵەکان ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هەندێکیان بە پیشەیەکی تایبەت ناسراون و تەنانەت نازناویشیان کار و پیشەیان نیشان دەدا وەک ئاسنگەر و مەلا و وەرزێر، کە بۆتە نازناوی زۆریەک لەو کەسانەی کە دەیانناسین یان ناویان بۆ ئێمە ئاشنایە، ئەو بنەماڵانە پیشەیەکیان هێندە دووپات کردۆتەوە لێی بوونەتە وەستا و بە وەستای تایبەت بە کارەکەیان ناودێر کراون و تەنانەت بە وەستا بانگ دەکرێن و وشەی وەستا بۆتە پێشگری ناوەکەیان، پیشەی باوک کەلەپورە بۆ کوڕەکانی و ئەوانیش چوون دەگەڵی ڕاهاتوون وازی لێ ناهێنن و درێژەی پێدەدەن، دە وەها بنەماڵەیەک دا دەرەتانی سەر هەڵدان و تاک بوون دەڕەخسێ و شیمانەی ناوبانگ دەرخستن و بوون بە کەسایەتییەکی جیهانی لە ڕاستی نیزیک دەبێتەوە، بۆ وێنە کامکارەکان دە پانتای هونەری ئاوازی کوردی دا هەڵکەوتوون و هەموو سنورەکانی هونەرییان تێپەڕاند و بوون بە بنەماڵەیەکی جیهانی وەها کە بەرهەمە هونەرییەکانیان بە شاکاری جیهانی ناودێر دەکرێن و هەر هونەرمەندێکیش کە کاریان دەگەڵ بکا زیاتر دەناسرێ و ئاستی کارەکەی دەچێتە سەرتر و ناچارە زانستمەندانەتر درێژە بە ژیانی هونەری خۆی بدات.

دێرەدایە کە ناوبانگی هونەری دەبێتە هەوێن ژینەری هونەر.
دیارە ڕسکاندنی هونەری دە بنەماڵەیەک دا کە پیشە و بیر و باوەڕیانە بەرچاوتر شوێن دادەنێ و دە یەکە یەکەی ئەندامانی دا خۆ نیشان دەدا وەها کە ورد و دریشتی وەها بنەماڵەیەک هونەر پەروەر و لایەنگری هونەر بن.


بیرمەندان بەمە گەیشتوون کە هەر کارێک زۆر دووپات بێتەوە دەچێتە ناو خوێن و گۆشت و دەبێتە ڕسکانەی بەرچاوی بەرەی دواتر و بە چەشنی کەلەپور بە بەرەکانی دواتر دەگات و بەرە بەرە ئاستی زانستەکەی دەچێتە سەرتر و جوانتر خۆ پێشان دەدا. کە وابوو بۆ سەرهەڵدان و پێشکەوتن و کاری هونەری جێنیازی پانتای هونەرین تا کۆمەڵگەکەمان دە بەشە جیا جیاکاندا توانای سەر هەڵدانی هەبێت و بتوانی خۆی بە جیهان و جیهانیان بناسێنێ. دیارە مەبەست لە پەندی پێشینیان کە دە سەرەتادا هات ئەمە تێدەگەیەنێ کە بۆ گەشە کردن لە هەر بوارێک دا پێویستە بە پێی فەرهەنگی ڕەسەنی کۆمەڵگا هەڵسوکەوت بکردرێ بەڵام نەک بە جۆرێک کە پێش بە نوێگەری بگرین بەڵکوو هەمیشە دەرگامان بۆ گۆڕانکاری کراوە بێ و لەسەر ئاوی ڕژاوی پێشوو نەڕۆین دەوەها باریکدایە کە دەرگای پێشکەوتن ئاوەڵاتر دەبێ.

# کوردستانی سوور ئاواتی مەزنی کوردانی سۆڤییەت

سەیدمحەمەد ئورنی

وەرگێرانی لە فارسییەوە: هاشم زوورئاوەر

**ئاماژە:**



ئـەم وتارەزیـاتر راپـۆرتێکی گێرانەوەییـە بـەڵام لەسـەر بنـەمای وتـوویژ و دانوسـتان لەگـەڵ چالاکـانی بزووتنـەوەی نەتـەوەیی کـوردی لەسـۆڤییەت و ئـەو وڵاتـە کۆمارییانـەی کـە دوای رووخـانی سـۆڤییەت بـە سـەربەخۆیی گەیشـتن. نووسـەر کـە بـۆ خـۆی لـە هـەواڵنێران و چالاکـانی دانیشـتووی قـەفقازە، بـەدانی چەنـد زانیارییـەکی کـورت سـەبارەت بەحـەولی کوردەکـان لـە سـەروبەندی شۆرشـی ئۆکتـۆبر و دامەزرانـدنی کۆمـاری سـووری کوردسـتان لەناوچـەی "لاچـین " بەرەزامەنـدی ( لێنـین )، تیشـک دەخاتـە سـەر ئاڵوگۆرییـەکانی سیاسـی و خەباتی کوردەکان بۆ گەیشتن بەمافی ئینسانی خۆیان.

**پێشەکی:**

لـەپاش شۆرشـی ١٧ی ئۆکتـۆبر هیـوای گەیشـتن بـەئازادی و رزگـاری لـەنێو گـەلانی رووسـیا و قـەفقاز تەشـەنەی سـەند. لـەو وڵاتانـەدا کـە بەشـێکی بـەرچاو لـە جوغرافیـای جیهـانی بـەخۆوەگرتبوو، تـویژێکی زۆر لەگـەلانی جیهـانی تێـدا دەژیـان. هاوکـات لەگـەڵ سـەرهەڵدانی شۆرشـی ئۆکتـۆبر بـۆ ئـەو چینەلـەو گەلانـەی کـە دانیشـتووی رەسـەن بـوون، کۆمـاری و بـۆ دەرەکییـەکان – ئەوانـەی کـەدواتر کۆچیـان بـۆ ئـەو

ناوچەیەکردبوو- مافی ئۆتۆنۆمی و ئازادی نەتەوەیی و کلتووری دیاری کرا . یەکێک لەباشترین بەڵگەیەک کەدەسەلمێنێ کە ئەو ناوچەیەفرەنەتەوەییە، وڵاتی قەزاقستانەکە١٢ نەتەوەی جیای تێدایە. نەتەوەی کوردیش یەکێک لەو گەلانەیە. بەپێی ئەو توێژینەوانەی کە کراون،

**کۆچی کوردەکان بۆ قەفقاز بەسێ قۆناغدا ئەنجامدراوە:**

بەپێی یەکەمین قۆناغی کۆچ کردن لەسەردەمی دەسەلاتدارییەتی تێزارەکاندا بووە و ئەو گەلانەی کە لەسەر وبەندی شەڕەکانی عوسمانی و ڕووسیا کۆچیان بۆ ئەو ناوچەیەکردووە لە بازنەی ئەو قۆناغەدا لەقەڵەم دەدرێن و بەهۆی ئەوەی کەمیژوویەکی نووسراوە لەوبوارەدا لەدەستدا نییە، ئەو کەسانەی کە لەو سەردەمەدا ژیاون ،لێکدانەوەی ئەو قۆناغەیان بەشێوەی زارەکی بووە.

دووهەمین قۆناغ پاش شۆڕشی ١٧ ی ئۆکتۆبر و سازبوونی سنوورەکان و مانەوەی ئەو تاقمەلەو گەلانەن کە لەناوەی ئەو سنوورانەدان و بە پێچەوانەی ویستی خۆیان بوونەتە بەشێک لەو وڵاتەکۆماریانە.

سێهەمین گێڕانەوە لەو دوورخستنەوانە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی ئاگری لە باکووری کوردستان . ئەو کوردانەی کەکۆچیان کرد، سەرەتا لەڕووسیای تێزاری و پاشان لەیەکێتیی سۆڤییەت مانەوە، پاش شۆڕشی ١٧ ی ئۆکتۆبر بوون بەخاوەنی ماف و بەشێک. مافێک کەلەپاش شۆڕشی ١٧ ی ئۆکتۆبر بەدرووشمی ئازادی گەلان سەری

هەڵدا بۆ ئەو کوردانە بوو کە لە سۆڤییەت دەژیان، هەمان ناوچەی خۆبەڕێوبەری " کوردستانی سوور" بوو کە لە ساڵی ١٩٢٣ بەپێتەختبوونی" لاچین "لەشوێنێک ڕاگەیەندرا کەئێستا بەشێک لە خاکی ئازەربایجانە، بەڵام کوردستانی سوور کەئێستاش هۆکاری ڕووخانی ڕوون نییە، تەمەنێکی ئەوتۆی نەبوو. کوردستانی سوور پاش سێ ساڵان و لە ساڵی ١٩٢٦ ڕووخا.

**تەرخانکردنی ٤٠ میلیۆن ڕوبل لەبوجەی وڵات بۆ کوردستانی سوور لەلایان لێنین**

کوردستانی سوور کە لە ئەنجامی کۆچی کوردانی دانیشتووی قەفقاز بۆ لاچین دامەزرابوو، بەباوەڕی هێندێک لە کەسایەتییەکانی کورد کەوتوویژمان لەگەڵیان هەبووە، لە ئاکامی حەولی دوژمنکارانەی " نریمان باقرۆڤ " سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان ڕووخا. بەڵام مەسەلەیەک کە تا ئێستا بەپێی گێڕانەوەکانی خۆجێی و .... هۆکاری سەرەکی ڕووخانی لە قەڵەمدراوە، پێوەندی پتەوی نێوان ڕیبەرانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان و ڕێبەری پێشووی یەکێتیی سۆڤییەت ( ژۆزف ئیستالین ) بووە، بەپێی ئەو گێڕانەوانە- کەلەیادداشتەکانی لێنینیش دا هەیە– پێش لە دامەزراندنی، لێنین ٤٠ میلیۆن روبل بوجەی بۆ تەرخانکرد بوو، بەڵام لە پاش مردنی لێنین ، ئیستالین ئەو بوجەیەی کەلێنین بۆ پێشکەوتنی بوارەکانی پیشەسازی و پەروەردە و بارهێنان بۆ کوردستانی سووری تەرخانکرد بوو ،دەخاتە نێوخەزێنەی ماڵی و ئابووری ئەرمەنستان.

دواتر بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە لەسەر مەسەلەی "زەوییەکان " کە لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان هاتبووەئاراوە، کوردستانی سوور دەبێتەقوربانی . بەلاّم دوای ڕووخانی کوردستانی سوور کوردەکان کۆلّیان نەدا و خەباتیان درێژەپێدا . هەشت سالّ دوای ڕووخانی کوردستانی سوور گۆڤارێک بەنێوی (ڕێگای نویّ) لەئیرەوانی پێتەختی ئەرمەنستان چاپ و بلاّوبۆوە.

پاش ئەو ڕووداوانە شەڕی جیهانی دووهەم دەست پێدەکات، ڕێبەرانی ئەو کاتی سۆڤییەت دەگەنە ئەو باوەڕە نادرووستە کە ئەگەری خەیانەتی گەلانی کەمینەی نیشتەجێی سنوورەکانی تورکیا و ئێران بەهێزە. بۆ ئەو مەبەستە وەزیری کاروباری نێوخۆیی سۆڤییەت (لاورنتی بریا) بە فەرمانی ئیستالین کە سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیست و ڕێبەری سۆڤییەت بوو، هەمووی ئەو گەلانەی تا قوولاّیی ٢٠٠ کیلۆمیتر بەرەو ناوچەکانی خواروو بە شێوەیەکی زۆر بێ بەزییانە دوور خستەوە. ئەو کوردانەی کە لە ئاکامی ئەو دوور خستنەوانە لە قەفقاز بۆ لای ئاسیای نێوەڕاست کۆچیان کردبوو، لەویّ درێژەیان بەخەباتی خۆیان دا . کوردەکان تەنیا لەپاش مەرگی ئیستالین توانیان بگەرێنەوە بۆ قەفقاز.

لەو سەروبەندەدا هاوکات لەگەلّ چاپ وبلاّوبوونەوەی گۆڤاری (ڕێگای نویّ) کە لە سالّی ١٩٣٧ دەردەچوو، ڕادیۆی ئیرەوانیش لەسالّی ١٩٥٧ دەستی بە بلاّوکردنەوەی بەرنامەکانی خۆی کرد و ناوەندی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری

زمــــانی کــــوردی دامــــەزرا کــــەتا دوو ســــالّ درێــــژەی بەچالاکییــــەکانی خــــۆی دا. شــــایەد حالّــــەکان دیســــانەوە دەلّــــێن ئــــەو کوردانــــەی کــــە گەڕانــــەوە ئەرمەنســــتان حــــەولیان دا کــــە ڕێکخراوگــــەلێک دامــــە زرێــــنن. ئــــەو کوردانــــەی کــــە لــــە ئاســــیای نێوەڕاســــت مانــــەوە لــــەپێناوی ژیاندنــــەوەی کوردســــتانی ســــوور دەســــتیان بەچالاکییــــەکی بــــەرین کــــرد. پێشــــەنگ و ڕێبــــەری ئــــەو چالاکیانــــە کــــە ئێســــتا لــــە بــــاکۆ دەژیــــت، "محەمــــەد بــــابیف" بــــوو کــــە لەگــــەلّ تــــاقمێکی نۆکەســــی وەکــــوو ( تیمــــوعلی . حســــین نبــــو. محمــــدامین عزیــــز. حســــین ســــادق اف، چــــرکس بکــــو) لەگــــەلّ مۆســــکۆ چاوپێکــــەوتنیان ئــــەنجام دا. ئــــەوان لەگــــەلّ یاریــــدەدەری ســــکرتێری گشــــتیی حیزبــــی کۆمۆنیســــتی ئــــەو ســــەردەمە و ڕێبــــەری گشــــتی یــــەکێتیی ســــۆڤییەت "خرۆشــــچف" چاوپێکــــەوتنیان ئەنجام دا و داواکاریەکانیان بەگوێی ئەوان ڕاگەیاند.

یاریــــدەدەری یەکــــەمی خرۆشــــچف لەگــــەلّ دوو کــــەس لــــە ڕاوێژکــــــــــارانی خروشــــــــــچف بــــــــــەنێوەکانی ( وادر) و ( شومونســــکی) دانوســــتان لەگــــەلّ لێژنــــەی کوردیــــان پەســــەند کــــرد و گوتیــــان کــــە بــــە هــــۆی ئامادەنــــەبوونی سکرتێری گشــــتی نــــاتوانن چاوتــــان بــــەوی بکــــەوێ. بــــەم جــــۆرە لێژنــــەی کــــوردی داخوازییــــەکانیان کــــە پێشــــتر ئامادەیــــان کردبــــوو، دایانــــە دەســــتی یاریــــدەدەری خروشــــچف و دیســــان داواکــــانی خۆیــــان هێنایــــە بەرباس و شیکردنەوە.

پرۆفســــۆر دوکتــــور "حوســــێن ســــادق ئــــۆف" کــــە یــــەکێک لــــە ئەنــــدامانی ئــــەو لێژنــــە نــــۆ کەســــییە بــــوو، لەپێوەنــــدی لەمــــەڕ دانووســــتانەکانی خــــۆی لــــە مۆســــکۆدا دەلّــــێ: ئێمــــە لەگــــەلّ

پاریــدەدەری خروشــچف لەپێوەنــدی لەمــەڕ دووەخســتنەوەی بــەزۆرەملی و هــەروەها ئــەوەی کەئێمــە گــەلێکیــن خــاوەنی زمــان و کلتــوور و مێــژوو و شوناســێکی دیــاریکراو، قســەو باسـمان کـرد. گوتمـان کەئێمـە تووشـی تـەنگ و چەڵەمەیـەکی زۆر بووینـــە. لەســاڵی ١٩٢٣ ناوچەیـــەک لـــە ژێـــر نـــاوی" کوردســـتانی ســـوور " بـــۆ ئێمـــە دیـــاری کـــراوە، ئێســـتاش بــە مەبەسـتی پێشـگیری کـردن لــە چەندکـەرتبوونی هــەرچی زیــاتری گەلەکــەمان و پاراســتنی خۆمــان و دەســکەوتەکانمان، دەمانـــەوێت کـــە کوردســـتانی ســـوور ســـەرلەنوێ زینـــدوو بکەینـەوە تـا گەلەکـەمان لـە مەترسـی پاکتـاوی ڕەگـەزی و لـە نـاوچوون ڕزگـار بکـەین، سـادق ئـۆف گـوتی: مۆسـکۆ دوای ئـەو چاوپێکەوتنـــە وەڵامێکـــی ئـــەوتۆی نەدایـــەوە، ڕۆیشـــتین و بـــێ هیچ دەسکەوتێک گەڕاینەوە.

"محەمـەد ئـەمین عـەزیز" کـە یـەکێکی تـر لـە ئەنـدامانی ئـەو لێژنەیــە بــوو دەڵــێ : ڕۆیشــتین و بــێ دەســکەوت گەڕاینــەوە، ئـەو چاوپێکـەوتنی خـۆی بـەو شـێوەیە شـی دەکاتـەوە. محەمـەد ئــەمین کــە ئێســتاش لەشــاری ئاڵمائاتــای قەزاقســتان دەژی، بــەچاوی فرمێســکاوییەوە دیمــەنی ئــەو ڕۆژانــە ئاوەهــا بــاس دەکـات: ئێمـە داخوازییـەکانی خۆمـان بەئـەوان ڕاگەیانـد، بـەتێر و تەســەلی گوێیــان گرتــە قســەکانی ئێمــە، بــەڵام لــە کۆتاییــدا گوتیـــان: ئێمـــە ڕازیـــن کـــەئۆتۆنۆمی فەرهـــەنگی بدەینـــە ئێـــوە بەواتایـــەکی تـــر مـــافی دامەزرانـــدنی ٦ ناوەنـــدی ڕۆشـــنبیری دەدەینـــە ئێـــوە. یـــەکیان لەقرقیزســـتان ســـێ لەقەزاقسـتان یـەکێکی تـر لـە ئازەربایجـان و ئـەوی تریشـیان لـە

ئەرمەنستان . بابیف لە وەلامدا دەلّێ : ئێمە زانیاریمان لەپێوەندی لەمەڕ جۆری ناوەندەکانی ڕۆشنبیری و چۆنییەتی ئەوان هەیە، بەلام ئەمانە پێویستی سەرەکی ئێمە نینە، ئێمە پێویستیمان بەناوچەیەک هەیە تا لەگەلّ نەتەوەی خۆمان تێیدا بژین. پێویستی سەرەکی ئێمەبوونی ناوەندێکی ڕۆشنبیری نییە بەلّکوو "ولاتە" . یاریدەدەری خرۆشچف کاتیک ئەو قسانەی بابیفی بیست و بۆی ڕوون بۆوە کە ئێمە لەسەر داواکانمان سوور و پێداگرین گوتی: داواکارییەکانتان بەگوێی سەرۆکی دەسەلات خرۆشچف دەگەیەنین . داخوازییەکانی ئێوەزۆر گرینگن و دەبێ زیاتر تاووتوێ بکرێن . ئەو ناوچانەی کە ئێوە دەتانەوێت بەشێکن لەئازەربایجان . لەسەر ئەو ناوچانە ناتوانین گوشار بخەینە سەر ئازەربایجان، بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە دەبێ حیزبی کۆمۆنیستیی ئازەربایجان و پارلەمانەکەی ئاگادار بکرێتەوە. بەم جۆرە چاوپێکەوتنەکە کۆتایی پێهات . لەو ساتەدا عەزیز بەبزەیەکی تالّەوە کە هەلقولاوی ناخی پرلەخەم و پەژارەبوو، دەلّێت: بەلّێ ئێمە دەبینین کە ئەو کەسانەی کە ٤٢ سالّ پێش گوتیان دەبێ بیری لێبکەینەوە ئێستاش بیری لێدەکەنەوە و هەروەها دەلّێ: نە ئەو و نەمندالّەکانی ئەو بڕیارەی کە مۆسکۆ دەیدات، نەیاندیتووە و نابینن.

لەسالّی ١٩٦١ لەمۆسکۆ وەلامێک دێ، وەلام ئەو شتەیە کە چاوەروان دەکرا، هەمان ئەو بڕیارەی کە لەیەکەمین کۆبوونەوەدا پێیان گوترابوو. بۆیە ئەوانەی کە لە پێناوی کوردستانی سوور خەباتیان دەکرد هەستیان

بەوەکرد کە حەولەکانیان بێ ئەوەی کە سووک وئاسان بێت بەفیڕۆنەچووە، بەم جۆرە ماوەیەک بێدەنگیان نواند. کوردەکان کە لە هەنگاوەکانی خرۆشچف کەتۆزێک ڕوخساری ئازادیخوازانەی لێ بەدی دەکرا، ورەیان دایە بەرخۆ و کەوتنە جموجۆڵ، بەڵام بەبێ هیچ ئاکامێک گەڕانەوە ماڵەکانیان لەچاوەڕوانی دەرفەتێکی‌تر مانەوە. کەچی لەو ماوەیەدا پێوەندییەکانیان درێژە پێدەدەن.

لە پاش خرۆشچف لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ( برژنف ) لێژنە هەلومەرجەکە لەبار نازانێ، بۆیە چاوەڕوانی دەرفەتێکی تر دەمێنێتەوە. ئەو چاوەڕوانییە درێژخایەنە تا سەردەمی هاتنەسەرکاری گورباچف درێژەی دەبێ. هاوکات لەگەڵ چاکسازییەک کە گورباچف لەپاش هاتنە سەرکاری دەستی پێکرد و هەروەها شەڕو تێکەڵچوونێک کەبەهۆی ناوچەی شاخاوی قەرەباغ ڕووی دا، لێژنەی ژیانەوەی کوردستانی سوور سەر لەنوێ چالاک بۆوە.

**لێژنەکە سەرلەنوێ چالاک دەبێتەوە:**

لێژنەکە کە تا شەڕی قەرەباغ لەنێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان سیاسەتی سەرەکییان چاوەڕوان بوون تا کاتێکی گونجاو دەبێت ،لەو ماوەیەدا لە نێو کوردەکان دەست دەکەن بەکاری ڕێکخراوەیی . ڕێبەری گرووپ بابیف لەساڵەکانی ١٩٨٨-٨٩ لەکاتی شەڕی قەرەباغ جارێکی‌تر چالاکییەکان دەژینێتەوە. بابیف لەسەر ئەو بڕوایە بوو کەڕێگا چارەی کوردەکان بۆ پێکهێنانی کوردستانی سوور شەڕی چەکدارییە. لەسەر پێویستی شەڕێ چەکداری لەگەڵ

ئازەربایجـــان جـــەخت دەکاتەوە.لـــەو پێنـــاوەدا لـــەنێوان کوردەکـانی قـەفقاز وئاسـیای نێوەڕاسـت باسـێکی گـەرم و گـوڕ دێتـەئاراوە. هێنـدێک لەئەنـدامانی لێژنـە دژی ئـەو ڕوانگەیـەی بـابیف بـوون و هێنـدێکیش بێـدەنگیان نوانـد. بـابیف کـەتا ڕادەیـەک پشـتیوانی خـەڵک و ڕۆشـنبیران بەدەسـت دەهێنـێ، دیســانەوە بیــر لەمەترســی هێرشــی ئەرمەنییــەکان دژی کــوردانی دانیشــتووی ئەرمەنســتان دەکاتــەوە. لــەنێوان ئەنـدامانیتری لێژنەکـە کـەدژی بیرۆکـەی بـابیف ( ڕێگـای شــەڕی چەکــداری) بــوون، جیــاوازی بیــروڕا دێتــەئاراوە. هێنــدێک لەئەنــدامان دەڵــێن کەدیســان ســەردانی مۆســکۆ دەکـەین، هێنـدێک لـەوان پێشـنیار دەکـەن کەلـەجیاتی شـەڕ لـەپێناو بەشـێک لـەخاکی ئازەربایجـان کـە وڵاتـی بـاو و باپیرانیـان نییــە، واباشــترە کــە لەشــەڕێک کــە پ.ک.ک لەکوردســتاندا هەڵێگیرساندووە بەشداربن .

**باس لەسەر ( اپورتونیسم ) لەدۆڵەکانی ئاڵمائاتا**

ئـەو کۆبوونەوانـەی کەلـەلایان بـابیف سـاز دەکـرێن جـار و بـار باسـەکانی تونـدتر دەبـێ . باسـی سـەرەکی ئەوەیەخـەبات لـە ڕێگـای کوردسـتانی سـوور بەشـێوەی چەکـداری ئاکـامێکی باشـتری دەبـێ یـان بەشـێوەی ئاشـتیانە؟ بـەڵام ئـەو جـار باسـەکان بەشـێوەیەکی تـر تـاووتوێ دەکـرێن . لـەجیاتی شـەڕ لەگـەڵ ئازەربایجـان، لـەپێناو ئامانجـەکانی کوردسـتانی سـوور دەبـێ بچینـەوە نیشـتمانی خۆمـان و لـەنێو ڕیـزی پ.ک.ک دا

شەڕ بکەین . لەلایەنگرانی ئەو باسە توندەدا " ئازلخان مستەفا ئۆف" دەبێت کەنەوەد و دوو ساڵی تەمەنە و لەبریندارەکانی شەڕی جیهانی دووهەمە.

مستەفا ئۆف لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لە ساڵەکانی ١٩٨٠ بەو لاوە لە باکووری کوردستان شەڕێک دەست پێکراوە و تائێستاش درێژەی هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەمەئەوان لەدۆڵەکانی ئاڵماتا کۆبوونەتەوە و سەرقاڵی باس و خواسێکیترن لەو بوارەدا و ئەوەشتێک نیە بێجگە لە ( اپورتونیسم ) .

مستەفا ئۆف کەلەئاڵماتا دەژیت دەڵێت : بەبابیف کەپێشەنگی ئێمەبوو، گوتمان لەوڵاتی ئێمە شەڕێکی ڕزگاریخوازانە هەڵگیرساوە کە ئاگرەکەی هەر ڕۆژ زیاترلە جاران تەشەنە دەستێنێ. ئێمە لە جیاتی ئەوەی کەبەشداری تێدا بکەین لێرەوە دانیشتووینە سەرقاڵی باس و خواسێکی بێ کەڵکین بێ ئەوەی کە قازانجێکی بەئێمە بگەیەنێت. ئەوانەی کە دژی ئەو بۆچوونەی بابیف بوون کە دەیگووت لەشەڕ و ئاڵۆزی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان لەساڵی ٨٩ کەڵک وەربگرین و مافی خۆمان بەدەست بهێنین دژایەتییان دەکرد، دیسان نەیانهێشت بابیف لە گەڵمان هاوڕا بێت.

**ئەرمەنییەکان و حەولی هاندانی کوردان بۆ نێو شەڕ:**

"حوسێن نەبوو" یەکێک لەئەندامانی لێژنەکە ئاماژە بەداوای ئەرمەنییەکان بۆ شەڕی کورد لەگەڵ ئازەربایجان دەکات. نەبوو دەڵێ : ئەرمەنییەکان زیاتر لەبابیف حەولیان دەدا تا

کوردەکــان تووشــی ئــەو شــەڕەبکەن و هــەروەها باســەکە درێــژە پێــدەدات و دەڵــێ : ئەرمەنییــەکان بــۆ تێــوەگلانی کوردەکــان بــۆ ئــەو شــەڕە هــەموو حــەولێکی خۆیــان وەگــەڕ خســت. مـن چونکـە لـەو کاتوسـاتەدا لەبەشـێکی گرینگـی ئـیش و کــاری دەوڵــەتی ســەرقاڵ ببــووم، ئاگــاداری ئــەو ڕووداوانــە نــەبووم . ئەرمەنییــەکان بــەڵێنی زۆریــان بــەکوردەکان دەدا بــۆ نموونــە کوردســتانی ســوور لەئازەرییــەکان دەســتێنین و دەیدەینــەوە بــە کوردەکــان وهتــد . هێنــدێک لەئێمــە کــە ئاگــاداری ئــەو هەلومەرجــە بــووین ئــەو کایــە و فــرت و فێڵــە سیاســییەمان لــەقاو دا . بۆیــە ئەمــە بــوو بەبیانوویــەک بــۆ ئــەوەی کــە ئەرمــەنییــەکان هێرشــی خۆیــان بــۆ ســەر کــورد دەســت پــێ بکــەن . ئــەو دۆخــە بــە نرخێکــی گــران بــۆ کوردەکــان تــەواو بــوو، چونکــە بــوو بــەهۆی ئــەوەی کــە کوردەکان لە ئەرمەنستان ناچار بەکۆچکردن بکرێن.

نــەبوو دەڵــێ : ئەگــەر پێشــگیریمان لــە بەشــداری کوردەکــان لەشــەڕدا نەکردبایــە، تووشــی خەســارێکی قــەرەبوو نــەکراو دەبــووین، ئــەو هــەروەها دەڵــێ: یــەکێک لــە فەرمانــدەرانی ژێردەریــایی ســۆڤییەت کــە دۆســتی مــن بــوو بــەمنی وت : حوسـێن بەهـەر شـێوەیەک بێـت دەبـێ پێشـگیری لەبەشـداری کوردەکــان لــەو شــەڕەدا بکــەی، ئــەگینا کوشــت و برێکــی گەورە ڕوودەدات.

**سەرنجی هێرشی ئەرمەنی بۆ لای کوردەکان:**

کاتێــک کــە ئــەو بــاس و خواســانە درێــژەی دەبێــت، ئەرمەنییــەکان کەئازەرییــەکانیان لــەوڵاتی خۆیــان دوور

دەخەنـەوە بـۆ ئـەو مەبەسـتە کـە ئەرمەنسـتان بکـەن بـە وڵاتێـک کــە تــەنیا ئــەرمــەنی تێــدا بژیــت، هێــرش دەکەنەســەر کوردەکـانیش . حەسـەن حـاجی سـلێمانیش هۆکـاری هێرشـی ئەرمەنییــەکان بــۆ کوردەکــان بــەو شــێوەیە بــاس دەکــات: ئەرمەنییــەکان دەیانــەوێت تۆڵــەی کوشــتاری ئەرمەنییــەکان لەساڵی ١٩١٥ لە ئێمە بستێننەوە.

حـاجی سـلێمان کـە لایـەنگری بۆچـوونی بـابیف بـۆ شـەڕی چەکــداری بــوو ، لەســەر ئــەو بڕوایــە بــوو کــە هێرشــی ئەرمەنییــەکان بــۆ ســەر کــورد لــەئاکامی حــەولی ئەوکەســانە ســاز بــوو کــەخوازیاری هەڵگیرســاندنی دووبــەرەکی لــەنێو "گەلـەکان"دا بـوون . حـاجی سـلێمان دەڵـێ : ئەرمەنییـەکان لـە درێژایــی ئــەو ســاڵانەدا دەســتیان کــرد بــەخاپوورکردنی خــانووی کوردەکــان و لەنێوەڕاســتی شــەقامەکان دا تــاوان و جنایــەتیان ئــەنجام دەدا .ئــەو هــەروەها باســەکە درێــژە پێــدەدات و دەڵــێ: تــەنیا ڕێگــا چارەیــەک مــابوو ئــەویش کــۆچکردن لەئەرمەنسـتان بـوو چ کوشـتبامان و چ کوژرابـاین، تــەنیا مەســەلەیەک کــە چاوپۆشــیمان لــێ نــەدەکرد " کوردسـتانی سـوور" بـوو و ئێمـە حەولـەکانمان ئـەنجام دا و لـەو سـاڵانە لـە ئەرمەنسـتان وەدەرکـەوتین و لـەو سـاتەوە لـە ئاڵماتا دەژین.

**سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیست ئاگری دووبەرەکی هەڵدەگیرسێنێت:**

بـۆ ئاگـاداری لەکاریگەریـەتی شـەڕ لەسـەر ناوچـەی قـەرەباغی نێــوان ئازەربایجــان و ئەرمەنســتان لەســەر کوردەکــان،

بۆچـــوونی پرۆفســـۆر دوکتـــۆر "قنیـــاس میرزویـــف" زمانناســـی کـــورد پرســـیارمان کـــرد، ئـــەو دەڵـــێ : ئەرمەنییـــەکان ســـەرەتا دەســـتیان بەتۆڵەســـەندنەوەی ئـــەو کوشـــتارەیان کـــرد کـــەتورکیا بەســـەر ئەرمەنییـــەکانی هێنـــا بـــوو و باسەکەدەســـت پێـــدەکات ...

"میرزویـــــف" بـــــەئاماژەکردن بەئـــــەوەی کـــــە هەڵەیـــــەکی گەورەیـــە کـــە بـــەتێکرایی ئەرمەنییـــەکان بکەینـــە ئامـــانجی ڕق و قینـــی خۆمـــان و دەڵـــێ : کوردەکـــان بـــۆ پێشـــگیری کـــردن لـــە دووبـــەرەکی نانـــەوە لـــە نێـــو دوو نەتـــەوەی کـــورد و ئەرمـــەنی کــــە بــــەدرێژایی مێــــژوو پێوەنــــدی دۆســــتایەتییان پێکــــەوە هـــەبووە، ئەرمەنســـتانییان بەجێهێشـــت . میرزویـــف لەپێوەنـــدی لەمـــەڕ ڕووداوەکانـــدا دەڵـــێ : هێرشـــی ئەرمەنییـــەکان بـــۆ ســـەر کوردەکـــان لـــە ئاکـــامی سیاســـەتی پێداگرانـــە بـــۆ لـــەنێو بردنـــی ئەوهاوســـــەنگییەبوو کەلەبـــــەرچاو گیـــــرا بـــــوو. ســـــەرەتا کوردەکانیـــان بـــەدوو بەشـــی موســـڵمان و ئێزیـــدی دابـــەش کـــرد بـــــوو . ئـــــەو پیلانگێڕییـــــەی کـــــەبۆ کوردەکـــــان لەبـــــەرچاوگیرا و درێـــژەی پێـــدرا ئـــەوەبوو کەناســـنامەی کوردەکـــانی ئێزیـــدی لـــەجیاتی وشـــەی "کـــورد" وشـــەی "ئێزیـــدی" نووســـرا بـــوو لـــە ڕاگەیەنــــدراوەکانیان دەگــــوترا کــــە کوردەکــــانی موســــڵمان تـــورکن و لایـــەنگری تورکـــەکانن . بـــەو شـــێوە ڕاگەیەنـــدراوە تەنانــــــەت کــــــوردانی ئێزیــــــدییان وەکــــــوو ئامرازێــــــک بــــــۆ بەرژەوەنـــدی کـــاتی خۆیـــان بـــەکاردەهێنا بـــۆ نموونـــە دوو کـــەس لـــە شـــێخانی ئێزیـــدی بـــەنێوەکانی" حەســـەن کلـــش" و" کـــەرەم " فتوایـــەکیان بـــڵاو دەکـــردەوە کـــە هێرشـــکردنە ســـەر کوردەکــــانی شــــەرعییەت پێدەبخشــــی بــــەڵام ڕۆشــــنبیرانی کـــوردی ئێزیـــدی دژی ئـــەو بڕیارانـــەبوون و لـــەڕزگارکردنی گەلەکـــەمان لـــەو ئـــاژاوە و دووبەرەکییـــە ڕۆڵـــی بـــەرچاویان

گێـڕا. نووسـەران و ڕۆشـنبیران و بیرمەنـدانی وەکـوو: ( کـالنی چاچـانی ، پرۆفسـۆردوکتۆر شـاکرۆمحو،خالید چتویـف ،چـرکس رش ،جلیـل جلیـل ،امرکـی سـردار، پرۆفسـۆردوکتۆر شـرف عشـیری ،پرۆفسـۆر دوکتۆرسـعید ایبـو)، لـەوتـەکانی خۆیـان لەسـەر ڕادیـۆ و تەلـەڤزیۆن بـەئاماژەکردن بەئـەوەی کـە دابەشـکردنی کوردەکـان بـەدوو بەشـی ئێزیـدی و موسـڵمان هەڵەیـەکی گەورەیـە،دەیانگوت کەئـەو جـۆرە تێکەڵچوونانـە بـە مانـای شـەرعییەتدان بەکوشـتار و ژینۆسـایدی کوردانـە. بەمجۆرەبەحەولـەکانی خۆیـان گـەلی ئێمـەیان لـەو پیلانـە ڕزگـار کـرد . لـەوێ مـن بـۆ ڕاگرتنـی ئـەو هێرشانە چەنـد جـار لـە ڕادیـۆ و تەلـەڤزیۆن قسـەم کـرد، چونکـە مـاڵ و خانووبـەرەی کوردانیـان ئـاگردابوو ئـەوانیان کوشـتبوو و تەنانـەت هێنـدێکیانیان لـەماڵی خۆیـان سـوتاندبوون بەواتایـەکی تـر موسـڵمانیان بـەمانای ئـازەری و تـورک لەقەڵـەم دابـوو .لەڕاسـتی دا مەبەسـتێک کەلەبـەرچاویان بـوو، هەڵگیرسـاندنی شـەڕی ئـایینی بـوو و تـەنیا ڕێگـا چارەیـەکمان مـابوو ئـەویش وەدەرکەوتن لەو شوێنەبوو و ئێمەش هەروامان کرد.

ئـەو جـار دوورخسـتنەوە دەسـتی پێکـرد کـە ئاسـتەمە بتـوانین نێـوێکی بـۆ دیـاری بکـەین، چونکـە گـەلی ئێمـە تووشـی چەنـد کـەرت بـوونێکی تـر بـوو، هێنـدێک بـۆ ڕووسیا و ئوزبەکستان و ئـۆکراین ڕۆیشـتن و هێنـدێکی تـر لـە وڵاتـانی قەزاقسـتان و قرقیزسـتان نیشـتەجێ بـوون، بـۆ چـی ئـەو کارانـەیان ئـەنجام دا ؟ بـەبڕوای مـن هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ تـرس لـەهێز و توانـا و پتانسـیلی ئێمـە و چـالاک بـوونی ڕێکخراوەکانمـان کـە تـەوەرەی چالاکییـەکانی ئێمـەش ژیانـەوەی" کوردسـتانی سـوور" بـوو . بەرپرسـانی ئـەوان کەسـانی ناسـراوی وەکـوو ( گالوسـت گالویـان ) زانـای ئەرمـەنی و سـکرتێری گشـتیی حیزبـی کۆمۆنیسـت و( بابـەک ئاسـتیان ) ئەنـدامی ئاکـادیمی

زانستی بوو. ئەوان بەجەختکردن لەسەر نەتەوەخوازی و ڕەگەزپەرستی دەیانویست کەئەرمەنستان بکەن بەوڵاتێک کە تەنیا ئەرمەنی تێدا بژیت .

میرزویف دەڵێ : سەرەڕای هێرشی بەردەوامی ئەرمەنییەکان نەیانتوانی لەمپەرێک بن بۆ بەهێزکردنی کوردەکان و دامەزراندنی ڕێکخراوەکانمان . ئەو لەسەر ئەو بڕوایەبوو کەئێمە کوردانی سۆڤییەت بەهۆی ئەو ڕێکخراوانەی کەدامان مەزراندوونە توانیمان پێشگیری لەنەمانی خۆمان لەسیمای مێژوو بکەین.

کۆتایی بەشی یەکەم

سەرچاوە: گۆڤاری ڕۆژەڤ ژمارە۱۳-۱۱.۱۲.۱۳۸۸

# ژنان و ئازادی

نویسندە : منوچهر بصیر

وەرگێڕان: جەلال کیشوەردووست



لە جیهانێکی وەها سارد و سڕ و ڕەشدا
بەهەنگاوەکانتەوەیەکە هەنگاو دەنێم
(فرووغ فەڕوخزاد)

کاتێ باس لە ئازادی ژن دەکرێ، وڵاتانی گەشەسەندووی کاپیتالیستی، زیاتر لە هەموان مشووری دەخۆن و هێندە دڵ بۆ ژنانی لەپاشکەوتوویدا هێڵراوی جیهانی سێهەم و چوارەم دەسووتێنن کە مرۆڤ دەکەوێتە بیری وتەیەکی بەنرخی فارسی کە دەڵێ، کەوچکی گەرمتر لە دۆخەوا، یان دایەنی دڵسۆزتر لەدایک.
کەمتر کەسێک هەیە کە لە ڕۆژی ئازادی ژندا، وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کەمەبەست لە ئازادی ژن چیە؟ ژن دەبێ لە چ شتێک ڕزگار بێ، لەکوێی جیهاندا دەتوانین وێنەی ژنێکی ئازاد بدۆزینەوە؟ ئاخۆ ژنانی ئەمریکایی و ئەورووپایی ئازادن؟

بوونی دیاردەگەلێکی ئابڕووبەرانەی وەک پۆرنۆگرافی و خانەی فەساد بە شێوەیەکی ئاشکراو نائاشکرا لە پێشکەوتووترین وڵاتانی کاپیتالیستی و کەڵکوەرگرتنی ئابڕووبەرانە و بێشەرمانە لە پڕووپاگەندەی بازرگانی هەموو دەرخەری ئەوەن هەتا ئەو کاتەی کە سیستمی کاپیتالیستی بوونی هەیە پەیڤدان لەمەڕ ئازادی مرۆڤ بە تایبەتی ئازادی ژن گاڵتەجاڕییە. کاسترۆ لە هەڤپەیڤینێکدا

لەگەڵ "فێریدریکۆ مایۆر"سەرۆکی پێشووی یونیسکۆ دەڵێ: ساڵانە زیاتر لە دوو ملیۆن ژن و کچ لە سەرانسەری جیهاندا بە زۆری دەستدرێژیان دەکرێتە سەر. "مێزاروۆش" لە بیردۆزانی چەپی نوێ، لە بەرهەمە پڕبایەخەکەیدا (ئەو پەڕی سەرمایە) لەو باوەڕەدایە کە: حەفتا لە سەدی هەژارانی جیهان ژنان پێکی دێنن. باندە تەیارەکانی ڕاوی مرۆڤ و بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی پۆرنۆگرافی لە تەنیشت"سیکس شاپەکان" و پیشاندانی بێ شەرمانەی دیکەی جینسی، بەشێکلە چالاکییەکانی"مافیای نێونەتەوەیی سزا نیگەرییە"یە کە لەم دواییانەدا بۆ دۆزینەوەی بازار کەڵک لە سەتەلایت و ئەنتەرنێتیش وەردەگرن. بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر لەم بوارەدا ئاماژە بە دووکەسی بە ناوبانگی ئەم مافیایە "مادام ئێگزاوێرا" و "هێنفر" لە دڵی جیهانی کاپیتالیستی واتە ئەمریکا دەکەین. مادام ئێگزاوێرا بەڕێوەبەر یان خانمی سەرۆکی یەکێک لە بە ناوبانگترین سۆزانی خانەکانی ئەمریکایە کە بیرەوەرییەکانی خۆی لەپەرتووکی پڕ فرۆشی" سۆزانییە بەختەوەرەکان"دا نووسیوە. ناوبراو دەڵێ ئەو ژن وکچانەی کە بۆ من کار دەکەن هەموویان بە شێوەی فەرمی سۆزانی نین، زۆرێک لە ژنانی خاوەن هاوسەر، کچان یان ژنانی سەڵتن کە تەنانەت لە نێوانیاندا مامۆستای زانکۆش دەبینرێ. ئەم ژن و کچانە یان (سۆزانییە ڕێزدارە ناپیشەییەکان ـــ نووسەر) بۆ بەهرەمەندبوون لە ژیانی باشتر یان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانیان و بە ئیزنی مێردەکانیان لەلای من کار دەکەن!! بەم شێوەیە دەبینین کە لە قەڵای کاپیتالیستی جیهاندا، هەموو شەرەف و ئابڕوو و کەسایەتی مرۆڤ لەژێر کاریگەری پارە و ئاریشەی ماددیدایە. هێنفر یان خاوەنی تراستی بە ناوبانگی "پلەی بۆی" دەتوانین بە

سوڵتانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمگەلی پۆرنۆگرافی لە سەرانسەری جیهاندا، ناوزەد بکەین کە سامان و ناوبانگی ناوبراو هیچی لە سووڵتانەکانی نەوت و پۆلا و... کەمنیە. کەسانێک کە لە فیلم گەلی بێ شەرمانە و پۆرنۆگرافیدا مل بە پەستی دەدەن لەم کۆمەڵگانەدا بە"پۆرنۆ ستار" یان ئەستێرەی فیلم گەلی پۆرنۆگرافی ناودێر دەکرین! لەکاتێکدا ئەمانە کۆیلەی جینسین کە ڕێزو حوورمەتی مرۆڤ بە قیزەونترین شێوازی گونجاو دەزرێنن. ئامانجی پۆرنۆگرافی گەندەڵی کۆمەڵگا و بە تایبەتی چینی خوارەوەیە. هیچ سیستمێک لە مێژووی مرۆڤدا تا ئەو ئاستە بێ ڕێزیی بە مرۆڤ و بە تایبەتی ژن نەکردووە و پاشان، بەڕێوەبەرانی کۆیلەی جینسی، یان کۆیلەتی ژنان بۆ ئازادی ژن دەبنەکەوچکی گەرمتر لە دۆخەوا. ڕاوگەیەکی نوێ بۆ مافیایی نێو نەتەوەیی سۆزانیگەری جەمسەری ڕۆژهەڵاتی پێشوو، بە تایبەتی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو یان بە وتەی ڕاگەیەندراوەکانی سیستمی کاپیتالیستی وڵاتانی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ڕۆژهەڵاتە. خەڵکی بێکار و برسی ئەم وڵاتانە باشترین خۆراکی باندە جۆراوجۆرەکانی مافیا، بەتایبەتی مافیای نێونەتەوەیی سۆزانیەتی، کەسانێک کە لە دۆبەی یان ئەمیر نشینەکانی دیکەی کەنداوی فارس دەگەڕێنەوە لە دیتنی ئەو هەموو کچ و ژنە ڕووسیانە کە لەوێدان سەریان سووڕ دەمێنێ کە چۆنە کەوا زلهێزێک بەم شێوەیەی بە سەر هاتووە؟ لە تەنیشت سۆزانیگەری، ماددە سڕکەرەکان، دزی، ڕەگەز پەرەستی، کوشتن و تاڵانیش هەروەک کارگ لەم وڵاتانەدا سەریان هەڵداوە، بەکورتی ئەمە هەمان ئەو بەهەشتە ونبووەیە کە ڕۆژئاواییەکان ماوەیەکی زۆر بوو

بەڵێنی ئەوەیان بە دانیشتوانی پشتە پەردەی ئاسنین دابوو. بەواتایەکی دیکە هەڵوای تەنتەنانی تاکوو نەیخۆی نایزانی.
چەندساڵ پێش لە ڕووخانی دیواری بەرلین، ئەو خەڵکانەی کە سەردانی هەر دوو ئاڵمانیایان دەکرد بەدیتنی ئەو هەموو زریقە و بریقەی ئاڵمانی ڕۆژئاوا، بە چاوێکی زۆر سووکەوە دەیانڕوانییە ژیانی سادە و ساکاری ئاڵمانی ڕۆژهەڵات. لە مامۆستای زانکۆ هەتا تاکێکی ئاسایی لەو باوەڕەدا بوون کە ئاڵمانی ڕۆژهەڵات لە بەرانبەر هاوتا ڕۆژئاواییەکەیدا وەکوو کوێرە گوندێکە بەرانبەر بە شارێک. بەڵام کەمتر کەسێک لەخۆی دەپرسی کە ئەو هەموو زریقە و بریقەی ڕۆژئاوا لە کوێوە هاتووە یان لە بنەڕەتدا بۆ ئەو هەمووە خانەی فەساد و سیکس شاپانە هەن؟ وێنەی قیزەونی کۆمەڵێک سۆزانی کە لە گەڕەکە تایبەتییەکاندا، ڕووت و بە نووسینی نرخەکەی بە سەر سینگییەوە لە پشت ویترینەکانەوە ڕاکشاوە دەتوانێ دەرخەری چ شتێک بێت جگە لە بازاری مودێرنی کۆیلەی جینسی؟ بەخۆشیەوە دیوارەکە ڕووخا و خەڵکی ئەو دیوی دیوار بە شایی و هەڵپەڕکێ هاتنە نێو دیواری پڕ زریقە و بریقەی ڕۆژئاواوە و پاش ماوەیەک سەرنجیان دا کە دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە یان بە وتەیەکی دیکە هەر شتێک خڕ بێ خۆ گوێز نییە. کاتێ کە فیمینیستەکان دەنگ هەڵدەبڕن و دەڵێن ژن دەبێ ئازاد بێ، دەبێ بپرسی دەبێ لە چ شتێک ئازاد بێ؟ مەگەر ژنی بووکەڵە ڕۆژئاوایی لە ڕێژیمی پێشووی ئێراندا ئازاد بوو؟مەگەر لە بنەڕەتدا کێشەی ژن حیجاب و لەبەرکردنی جلوبەرگ بوو؟ ژنێک کە بۆ پەیداکردنی بژێوی لە قەراخی شەقامەکان لەژێر چاوی حیزی پیاوان دەست فرۆشی بکا، یان ژنێک کە بە مووچەی مەمرە و بژی دەبێ لە کارگا یان ڕێکخراوێکدا کار

بکا، ئازادی ژن دەبێ چ واتایەکی بۆی هەبێ!! بە تایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا کە چەمکی ئازادی واتای تایبەتی خۆی هەیە و بە جۆرێک پیاوسالاری نەریتی بە سەریدا زاڵە. سیستمی کاپیتالیستی جیهانی، ئەم بێ سەروبەرییە و کۆیلەتی جینسی بە شێوەیەکی بوێرانە و فێڵبازانە بە"شۆڕشی جینسی" ناودێر دەکا. لە کاتێکدا کە کاپیتالیزم زۆرِنا بە سەرەهەراوییەکەیەوە لێدەدا. بۆ چوونکە مەبەست لە شۆڕشی جینسی، پاراستنی یەکسانی، بێهداشت و لەنێو بردنی کۆنەپەرەستی و بە شێوەیەکی گشتی دەسکەوتی زانستی لە کێشەی جینسی دایە. لە کاتێکدا کە ئامانجی کاپیتالیزم چەوساندنەوە، کۆیلەتی و بەلارێدا بردنی کۆمەڵگایە لەو بوارەدا. نەمر دوکتور حوسین ئاریانپوور، باوکی کۆمەڵناسی ئێران دەیگوت: پەرەدان بە فەسادی جینسی بە مەبەستی ناسیاسی کردنی کۆمەڵگایە.کاتێ ئامریکا قەڵای کاپیتالیستی جیهان، بە شێوەیەکی فێڵبازانە کەڵک لەسیکس و ماددەی سڕکەر و ژیانی بەرخوری و قیستی بۆ لەداوخستنی خەڵک و ناسیاسی کردنی کۆمەڵگا وەردەگرێ، قوڕ بە سەر وڵاتانی جیهانی سێهەم و چوارەم کە بە تاقم و نۆکەر و گۆپاڵ بەدەستی ئەو دێنە ئەژمار. خانمی "کارملۆ بۆدی جاردوو" نووسەری پەرتووکی"گۆلاک ئەندۆنیزی" کە لە ڕاستیدا ڕاپۆرتی کودەتای ترسناکی 1965ی ئەندۆنیزییە لەبیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: ڕاوێژکارانی ئەمریکایی فیلم گەلی پۆرنۆگرافیان پیشانی لێکۆڵەرانی ئەرتەش دەدا هەتا هانەی پێویست بۆ دەستدرێژی کردنە سەر زیندانییە سیاسییەکانی ژن بە تایبەتی کۆمۆنیستەکانیان هەبێ. هاوڕێیەک دەیگوت: لە فەرانسەدا لەفەرانسەوییەکەم پرسی کە چۆن دەکرێ لە تەنیشت کلیسا خانەی فەساد و سیکس شاپ هەبێ؟ فەرانسەوییەکە بە لە سەر خۆیی


وەڵامـــی دایەوە ـــ هەر یەکەیـــان کـــاری خۆیـــان دەکەن!! لەراقەی کۆتاییـــدا مـــۆراڵ، هەوێنـــی بنەڕەتـــی سیســـتمی کاپیتالیسـتی قـازانجە و هەر شـتێک کەپێوەنـدی پێـوە هەبـێ، بە هێمـا و کـردەوە تەئیـد دەکـرێ. بـۆ وێـنە شـەڕ، مـاددەی سـڕکەر، سـۆزانیگەری، کەین‌وبەیـن و پـاوان کـردن هەرچەنـد لە ئـــاخێودا پرۆتســـتۆی دەکـــا بەڵام بەکردەکـــی بەرهەمـــی دێنـــێ. مێـــزارۆش دەڵـــێ: ســـەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەگەر مرۆڤەکـــان نەتـــوانن بەرژەوەنـــدییەکان و هـــۆگریی بە سـەرمایە بـۆ کـۆکردنەوەی سـەرمایە دابـین بـکەن، سـەرمایە بە شـێوەیەکی زۆر نامرۆڤـانە دەسـەڵاتی خـۆی بە سـەرماندا دەســـەپێنێ. شـــەڕەکانی یەکەم و دووهەمـــی جیهـــانی، ئۆردووگاکـــانی کـــاری زۆرە ملیـــی هیتلێـــر، کارەســـاتی ناکـازاکی و هیرۆشـیما و بەشـێک لە دەسـەڵاتی سـەرمایەیە. لە ئاکامـــدا دەبـــێ بڵێـــین: هەتـــا ئەو کـــاتەی ســـەرمایە زاڵ بێـــت، ئـــازادی ژن کە هەمـــان ئـــازادی تەواوی مرۆڤـــایەتییە، بە شێوەی ڕاستەقینە و بنەمایی نالوێت.

# ویلیام فاکنەر لە ڕوانگەی ویل دۆرانتەوە

وەرگێڕ: هاشم عەلی وەیسی

بەشی یەکەم

پێشەڕۆک:



ئەم خوێندنەوە دێرئەنجامانە کە بە خوێندنەوەی وێژەی ئەمریکا دەستی پێکرد هێندەی نەبرد ڕازی ژیان، ڕەسەنایەتی و توانستی ئەم وێژەیە، تەواوی سەرنجی بۆ خۆی ڕاکێشا. فاکنەر، ئۆنیل و هەمینگوای نووسەرەیلێکی هزرقوولّ و بە دەسەلّات بوون، کە ئاستی ڕۆمان و نمایشی ئەمریکایان تا ڕادەی ڕۆمان و نمایشی ئنگلستان، ئالّمان و فەرەنسا بەرز کردەوە. چونکوو ئەو کاتەی خەلّاتی نوبل لە 1949 بە نووسەرێکی گمناو بەخشرا، کە بە ڕوالّەت لە زەلکاوی می سی- سی پی ون ببوو، یان لە سالّی 1945 بە جیهانگەڕێکی ڕیش و ڕدێن هاتووی بە سالّا چوو بەخشرا کە شاری پاریس لە سی سالّی ڕابردوودا وەکوو ڕۆژنامەنووسێکی هەژار و دەسکورت دەیانناسی کە لە پەردوو و بنمیچێکی داتەپیودا سەرقالّی ساغکردنەوەی ماشینی چاپە کۆنەکەی بوو. گەورەکانی ئەورووپا لە شوێنی خۆیان دەرپەڕین. ڕەخنە لە من ڕەوایە، چونکوو تا 1966 تەنیا ڕۆمانێکم لە هەمینگوای و یەکیشم لە ئستین بەگ خوێندبۆوە و هیچ کتێبێکی فاکنەرم نەخوێندبۆوە. ئێستاکەش لە ئەدەبی کەنەدا، مەکزیک و ئەمریکای لاتین شتێک نازانم. هەر خوێنەرێکی تێگەیشتوو ئەم بابەتە لە دوای بە کاربردنی هەڕەمەکی وشەی ((ئەمریکی))، کە جێنشینێکی

سستـــت، بــێ دەردی ســەر، بیرکورتـــانە و بێزڕێـــزانەیە لە هەمـــبەر ئەمریکـــادا، بە ســانایی بــۆی دەردەکەوێــت، بە راســتی چ کەسـێک ئاوەڵنـــاوی نەتەوەیـــی بە ئـــێمە دەبەخشـــێت؟ بەڵـــێ، مـــن لە ((ڕاشــکاوی)) ڕووتــی زۆرێــک لە نووســەرانی مامناوەنــدی ئەمریکــا، لە دەربڕینـــی کـــردەوە مەحرەمانەکـــانی لەشـــمان ڕاچەنـــیم. مـــن پیــــورتینی1 کـــی زەبـــوون نـــیم دەمارەکـــانم هێنـــدە خـــوێنی فەرەنســـــەیی – کەنەدایـــــی تێیـــــدا لە گەڕانـــــدایە کە ئەگەر شــۆخییەکی ناشــیرین بە زیرەکــی بوترێــت یــان تەنــانەت لەوانەیە دیتنــی فلێمێکــی ((ڕووت))یشــم پــێ خــۆش بێــت. مــن لای خــۆم وام دانــاوە هەر کەســێک هێنــدە بیــر و هۆشـــی هەبێــت کە بتوانێــت کتێبێــک بنووســێت لە ڕاســتیدا دەزانێــت بەشــێک لە وشــەیلی تونــد و ڕاشــکاو بــۆیەکی دوورخەرەوە لە ڕاســتێتی خــۆی و شــوێنی ئەو ڕاستێـــتییەی هەڵگرتـــووە چـــۆن ئەم جـــۆرە وشـــەیلە دەتوانێـــت هەر شـــــیعرێک کە ســــەبارەت بە لەش و جەســــتە ئەوترێـــت بەرەو نـــاوزڕان و ســـووکی بەرێـــت. بـــۆیە ئەم دەســـتە نووســـەرانە لەو بەرهەمـــانەی ئەکەوێـــتە بەردیـــدی ئـــێمە و لە گەڵمـــان پێوەنـــدی دەگرێـــت لە وشـــەیلێک کەڵـــک وەردەگـــرن کە پێشـــتر دژەهەویـــان لێـــدراوە، واتـــا بـــۆ قســـەکردن لە ســـەر لە ئـــامێزگرتن و ســـڕ و ڕازەکـــانی ســـەرچڕپاو خەڵـــوەتی ســـەر نـــوێن پەنـــا وەبەر شـــێوەیلی دانســـقە دەبەن ئەو کـــاتەی ئەم خـــۆگرییە ســـەرنج ڕاکـــێش بێـــت درکـــــی مرۆڤەکـــــانیش تونـــــد و تـــــۆڵتر، دەســــــتەویەخەبوون و دژوازییەکـــانیش لاوازتـــر دەبێـــتەوە. هەنـــووکە دادگەکـــانی ئـــێمە کەم تـــا کـــوت دەســـتیان لە پێناســـەی (خـــراپ)ـــە هەڵگرتـــووە. گەلێـــک ســـاڵە لە نـــاو هەرزەکـــاری، چ ئەرێنـــی و چ نەرێنـــی لە نغـــرۆ بـــوون دایـــن، بەوهیـــوایەی کە بە چـــوونە ســـەرەوەی ئـــازادی، ئەرێنـــی و بـــاش ببێـــت، کتێبەیلێـــک وەکـــوو کانـــدی2 بـــاو دەبـــنەوە و خـــوێنەرانی سەرووتر لە دواناوەندی

ختـــۆکە نـــادەن، ڕاســـتە و ڕاســـت وەکـــوو ئەوەی کە چـــۆن پـــاوپووزی ژنـــان حەز و تاســـەیەکی ئەوتـــۆ لە دڵـــی پیاوانـــدا هەڵنـــاخرێنێ لە ڕاســـتیدا دەبـــێ بڵـــێم ڕۆمـــانگەلێکی وەکـــوو "دوایـــین ڕێـــگەی

دەربــازبوون بەرەو بــرۆکلین3، ئەگەر چــی هیــق هێــنەرن بەڵام هەرزەکــارانە نــین؛ خــوازراو ئەوەیە ئەدەب وەکـــوو ((رەخــنەی ژیــان))* ئــازاد بێــت تــاکوو قــووڵایی ئەو داڕزیــنەی لە هەنــاوی ئاســوودەیی کــوێر و گێجــی ئــێمەدا شــاراوەیە، بۆمــان بنوێنێــت دەبــێ دان بەوەش دا بنــێم کە بــۆ خــۆم ئەم کتێبــانەم خوێنــدۆتەوە. کتێبگەلێکــی تریشــم خوێنــدۆتەوە کە بەر لەوەی بە پشــوو درێژیــی بـــکەومە باســـی فـــاکنەر؛ کەمێکـــیش لەوان ئەدووم. گەلێـــک نووســـەری بە دەســـەڵات و داهێـــنەر لە وڵاتە یەکگرتووەکـــانی ئەمریکـــا بە ســـەر دەبەن کە بەشـــێکیان لە هەمـــبەر وەسوەســـەی هەرزەکــاری خۆڕاگرییــان کــردووە. ســائۆل بلــۆ4 بــۆ مــن وەکــوو هونەرمەنــدێکی بــێ تەڵەکە کە هیچکــات دەسنووســەکانی بە چــاپ ناگەیەنێــت مەگەر ئەو کــاتەی بە تەواوەتــی هــاودەردی پــڕ لە هەســت و هونەرمەنــدیی خــۆی تێــدا نوانــدبێت گەلێــک جێــی رێــزە، شــارە روو لە گەشــەکانی ئــێمە، لە ســاڵێکدا هەزارانــی وەکــوو هـــرزۆگ5 بەرهەم دێــنن : ئەو شـــووەی خـــۆڕاگرانە کلاوێکـــی قوڕمســاخانە لە ســەر دەنێــت، بــاوکێکی هــۆگری منــداڵەکانی، بەڵام کەم تەرخەم؛ پیــاوێکی خـــوەش نـــیەت بەڵام بـــێ ورە و بێحـــاڵ، کە لە نـــاو تەخـــتەدڕاوی ئیلاهیـــاتی تێکشـــکاو، خەریکـــی دەس و پـــێ لێدانە.

راکە، روبیــت!6 بەرهەمــی جــان ئاپــدایک7 وێنــایەکی خەمــاوی، بەڵام راشــکاوی پیاوێـــک بە دەســـتەوە دەدات کە لە شـــوێنێکی مەرگبـــار، لە لـــووتبەرزییەکی درۆیـــنە و لە درکێکـــی لاواز بـــۆ لێکجـــویێ کـــردنەوەی خێـــر و شـــەڕ ئـــازار دەچێژێـــت، هەر شـــارێکی ئەمریکـــا ســـەدان ربیــت ئانگســترومز8ی لە خــۆ گرتــووە کە لە دوای ئەوەی چـــاوی بە سســـتی و داکەوتـــن و هەڵـــدێرانی پێوەنـــدیيە ئەخلاقییەکــانی دەکەوێــت، ورەی دائەرووخــێ و لە پــێ ئەکەوێــت و ئــێمەش لەم تــاوانەدا تــا رادەیەک خۆمــان بە بەرپرســیار دەزانــین. وێــژە و ئەدەبــی ســەردەمی ئــێمە کەڵەکەی ئەو قارەمــانە گرمــۆڵە بــووانەیە کە وایــان دەزانــی بە مەرگــی "هــاوردەی دە فەرمــان"، ئەم چەمکــانەش هەڵئەوشــێنەوە.9 ئاپــدایک لە کتێبــی جووتەکــان10

تەواوی هێزی خۆی بۆ بەیانی خێر و شەڕ خستۆتە گڕ: شاکارێک لە درکێکی ناوازە و قووڵ، تەشەرێکی(تنز)تووڕەئاسا لە شۆڕقەی کۆمەڵێک کە بە ورەیەکی ((چاونەترسانەیش)) رازەیلی شیرینی عەشق و جەستەی لە قسەیلی تن و رەپی پیاوان و ژنانی هێنایە پانتایی ئەدەبەوە و لە دوای خوێندنەوەی هەر لاپەڕەیەکی بە سەختی کاری تێدەکردم؛ بەڵام لە نێوان خڵتە ئەخلاقییەکەی، روانگەیلێکی زۆر درەوشاوە و درکەیلێکی پۆختم بە دەست هێنا: ((چارەنووسی هەموویان لەو سەردەمەدا، سەردەمێک لە سەردەمە تاریکەکان کە لە نێوان هەزارەکان، و لە نێوان مەرگ و لە دایک بوونی دووبارەی خواکان – ئەو کاتەی هیچ دەسگرێک دەر لە سەرنجڕاکێشی ئەستێرەگەڕۆکەکان، سکس و رەواقیگەرێتی بوونی نیە- بەوەوە بەستراوەتەوە.))

فرانسیس ئسکات فیتز جراڵد(1896-1940) لە بنەماڵەیەکی پارێزکەر و کاتۆلیک لە دایک بوو. ئیمانی لە دەستداو لە بەرئەوەی کڵێسە کتێبەکانی یاساغ کرد، رەنجێکی زۆری کێشا. لەوانەیە هەر بەو بۆنەیە بێت کە من کتێبی "شەو دڵنشینە" م11 بە گرۆتینێکی زۆرترەوە پەسن کرد تا گتسبی گەورە، کە بە گشتی بە باشترین کاری ئەو دادەنرێت. کتێبی یەکەم لە ئەساس دا چیرۆکێکی رازاویە(کێ، کێی کوشت؟) بە گەڵاڵەیەکی وورووژێنەر و کۆتاییەکی دراماتیک؛ هەزاران کتێبی لەم چەشنە بوونیان هەیە. کتێبی تر ئەنجامی هەوڵێکی دلێرانەی پیاوێکی ئیرلەندی رۆمانتیک بوو کە هەوڵی دەدا تارادەیەک بە شێوەیەکی کلینیکی – بەربوونەوەی ئیدەئالیستێک بە هۆی کەڵکەڵە و هەوایی بوون و کلۆڵی و بەختسووتاوی، کە دەرگیری ژنبازی و مەیخواردنەوەیە، دابڕێژێت. ئەو کاتەی دیم نووسەر باسی لە هیچ جۆرە رەنگێکی دڵخوەشکەر بۆ کۆتایی خێرای کتێبەکەی نەکردووە، سەرسام بووم. لەم بەرهەمە لە گەڵ وێنایەکی نە فرە جیاوازی نووسەر رووبەڕوو دەبینەوە: لەناوچوونی هێدیی ئەخلاق بە هۆی مەینۆشی نووسەرەکە بۆ

خـــۆی لە دوای دڵوەســـتنی درێژمـــاوە بە هاوســـەرێکی بەدخـــوو و ناســـازکار و خـــۆڕاگرییەکی درێژمـــاوە لە هەمـــبەری گوشـــارەیلی ئـــابووری و عەشـــقەیلێک کە ئەهـــاتنە پیـــرییەوە. ئەمە هەر هەمـــان کەســـایەتی خۆشەویســـت و ژیـــانی ســـۆزاوی فیتـــر جراڵـــد بـــوو کە ئەم کتێبانە ناوبانگیشیان بۆی وەدەس هێنا.

2. مەڵبەند(قەڵەمڕۆ)ی فاکنەر

فـــاکنەر لە ئۆلیســـی جیمـــز جـــویس بە رێـــکەوت و لە شـــەقامی تەمـــاکۆی ئرســـکین کالـــدول بەرەو پـــێش دەچـــوو. ئەو شـــوێنی رەوتـــی نـــاجێگیری(بەخـــوڕ) زەیـــن لە چێنێکـــی تەواو لە خەڵکـــی نیشـــتەجێی مـــی ســـی ســـی پـــی کەوتـــووە و بە رووتکـــردنەوەی جەســـتە و گیانیـــان، مێـــژووی لە نـــاو چوونیـــان تۆمـــار دەکـــات. ئەو کە بەرهەمەکـــانی بـــالزاکی زۆر خوێنـــدبۆوە، خـــۆی کەوتە نووســـینی کومـــدی ئینســـانی12 گۆشـــەیەک لە وڵاتە یەکگرتووەکـــانی ئەمریکـــا. ئەم بەشـــــە لە ڕاســـــتی دا لافـــــایتووە، ناوەندەکەشـــــی شـــــاری ئاکسفۆردە، شـــوێنگەی پـــڕ لە شـــانازی میســـی ســـی پـــی. بەڵام فـــاکنەر ئەم شـــارەی بە جفرســـون نـــاو دەبـــرد و ئەم بەشەیشـــی یوکناپاتافـــا نـــــاو لێنـــــا؛ وشـــــەیەک کە بە قســـــەی خـــــۆی، گرێـــــدراوە بە سوورپێســـــتەکانی چیکاســـــا13وە و ئـــــاوا مانـــــایەکی هەیە: ((ئـــاو لە جۆگەلەکـــــان بە هێـــــوری دەخورێـــــت.)) و ئەم شـــــوبهاندنەش راســـتێتییەکی تەواو لە کتێوەکـــانی ئەوە. فـــاکنەر بـــۆ ئەم ((بەشـــە خەیـــاڵییەی)) خـــۆی جەمـــاوەرێکی بەرانـــبەر 9313 رەشپێســـت و 6298 ســـپی پێســـت لە بەرچـــاو دەگرێـــت. لانـــی کەم ســـەدکەس لەم ســـپی پێســـتانە و کۆمارێـــک لە رەشپێســـتان دێـــنە نـــاو ڕۆمانەکـــانی و یـــان دەردەکەون. بەوجـــۆرەی کە کەســـایەتییەیلێکی جۆراوجـــۆر، هەر وەکـــوو ئەمـــانە لە بەشـــەیلی جیـــاوازی بەرهەمەکـــانی بـــالزاک دەردەکەون. لە نمایشـــی موقلێشـــانەی فـــاکنەر، خەڵکـــی ئەم بەشـــەی زەوی، هاوڕێیـــانە و راســـتگۆیانەتر لە هەر بەشـــێکی تـــر لە خەڵکـــی ئەمریکا دەنوێندرێن.

فـاکنەر لە 25 سـپتامبری 1897 لە نیوئالبـانی14 میسـی سـی پـی لە داییـک بـوو. بـاوکی لە سـاڵی 1902 خێـزانەکەی بـردە ئاکسـفۆرد و لە کـاری بەڕێـوەبەری حسـێوداری دامەزرا. خوێنـدەواری فەرمـی ویلیـام لە دواناوەنـدی بەو لاوە نەڕۆشـت. ئەو هەوڵـی خـۆی بـۆ بەشـداری کـردن لە شـەڕی جیهـانی یەکەم و ناونووسـی کـردن لە ئەرتەش خسـتە گـڕ، بەڵام گلیـان نەدایەوە. دوایـی چووبـۆ کەنەدا و چـووە هێـزی ئاسـمانی پاشـایەتی؛ بەڵام بەرلەوەی فێرکارییەکـانی کۆتـایی پێبێـت، شـەڕ کۆتـایی پێهـات. ئەوکـات گەڕایەوە بـۆ ئاکسـفۆرد و نزیـک سـاڵێک لە زانکـۆ خەریـک بـوو. لە سـاڵی 1924 بەشـێک لە شـیعرەکانی لە بۆسـتۆن لە چاپـدرا. لە لاپەڕەی ناونیشـانی کتێـب بە هەڵە پیتێـک u زیـاتر بـۆ نـاوی نووسـەرەکەی دانرابـوو. فـاکنەر ئەم هەڵەیەی پاراسـت و تەواوی کارەکـانی دواتـری هەر بەم نـاوە واژۆ کـرد. هەر بەو جـۆرەی هەسـت لە پێشـەوەی ئەندێشـەیە، پەخشـان نووسـە سـەرکەوتووەکان تـا رادەیەک هەمیشـە بە شـیعر دەس پـێ دەکەن.

ئەوکـاتەی لە پیشـەی رۆژنـامە نووسـی و لە نیوارلئـان کـاری دەکـرد لە گەڵ شـروود ئەندرسـۆن15 ئاشـنا بـوو. ئەو پـاڵنەری ویلیـام بـوو، بە پێـی لە چاپ نەدانـی بەردەوامـی کارەکـانی لە لایەن دەزگاکـانی چـاپ و بڵاوکـردنەوە کە چـی ئەو هەر دەینووسـی. فـاکنەر لە ژووئەنـی 1952 لە گەڵ پـاپۆڕێکی بـارهەڵگر بـۆ ئەورووپا سـەفەری کـرد. بسـت بە بسـتی ئیتالیـا و فەرەنسـا گەڕا و مـاوەیەک لە رۆژنـامەیەکی پـاریس کـاری کـرد. دوایـی گەڕایەوە بـۆ ئاکسـفۆرد و بـۆ دابـین کردنـی بژێـوی ژیـان، دەسـتی دایە هەر کاریـک، هەر چەنـدەش بـێ بـایەخ بوبـایە. لە دوای بڵاوکـردنەوەی چەن کـارێکی گچـکەی، کە لە زەریـا، بڵاوکـردنەوەی کتێبەکـان دەنگـدانەوە و ناوبـانگێکی وەهـای نەبـوو یەکێـک لە بنکەکـانی چاپ و بڵاوکـردنەوەی نیۆیۆرکیـان هێنـایە سـەر ئەو قەنـاعەتەی تـاکوو کتیبێکـی بە چـاپ بگەیەنـن(1929). ناوبـانگی ئەو بەم کتێـبەوە دەستی پێکرد.

ڕۆمـانی سـارتۆریس16 بـاس لە یەکێـک لە خێـزانە قەیمییەکـانی دەڤەری باشـوور دەکـات کە کەم کەم دەسـەڵاتی کـۆمەڵایەتی و مڵکـی خـۆی بە ئەنـدامانی چینێکـی بازرگـان و کاسـپکار ئەدات. بەم چەشـنە گچـکە مێـژووی ڕووداوگەلـی بەشـی ((یوکناپاتافـا)) لە بەر چاومـان دەکـرێتەوە. بنیـاتنەری ئەم خێـزانە سـەرهەنگ جـان سارتۆریسـەیە کەلە جەنگەڵەکـانی نـاوخۆ سـەرپەلی هەنگێکـی سـوارە نـزامە و بە چاونەترسـی و لیهـاتووی خـۆی لەو سـەردەمەدا چیرۆکەیلێکـی پـڕ لـق و پـۆ بـۆ منـداڵەکانی بە یادگـار جـێ دێڵێـت ئەم بەڕێـزە لە سـاڵی 1876 مـاڵاوایی لە ژیـان کـرد و بایـارد سارتۆریسـی یەکەم میراتگریـی دەسـەڵاتی باوکسـالارانەی بەرکەوت. ڕۆمـانەکە بە شـرۆڤەی ژیـانی ئەم بایـاردە بەسـاڵاچووە دەس پێـدەکات کە لە جفرسـۆن سـکرتێری بـانکە؛ پیـاوێکی قیـت و قـۆزە کە لە گەڵ ویسـکی و جـگەرەکەی ژیـان دەکـات و هەمـووان بە کەسـایەتییەکی هێـزای دادەنـێن. گەرچـی لە بـێ دەسـەڵاتی بـۆ بەڕێـوەبردنی منـداڵ و خزمەتکارەکـانی، خـاڵگەلێکی لاوازیـی بەرچـاو دەکەوێـت. کەسـایەتی شـەڕانی چیـرۆکەکە، نەوەکەی بایـارد سارتۆریسـی دووەمە کە خـووی بە تونـد و تیـژی و پەلەکـردن گرتـووە – بە کەمتەرخەمـی- لە شـەڕی جیهـانی یەکەم دەگەڕێـتەوە. تـرۆمبیلە نـوێکەی کە بـووەتە هـۆی تـرس و تـۆقینی بـاوکی، نیشـانەی جیهـانێکی ڕوو لە وەرچەرخـانە و کەرەسـتە و ئامێری کارەساتە.

ئەنـدامانی بنەمـاڵەی سـارتۆریس ئەنـازنۆ ئەسـڵ و بنەچەقـی خۆیـان و پێوەرەکـانی خۆیـان بـۆ ڕێورەسـم، زەوق و سـەلیقە و ئەرکناسـی خۆیـان لە هەمـبەر بنەمـاڵە، چـین و کۆمەڵگەکەیـان دەپـارێزن. ئەوان دامەزراوانـی ڕەشپێسـت، بە تێخـوڕینەوە ئەگـرنە کـار، وەکـوو ئەنـدامانی قەبـووڵکراوو و پەروەردەکـراوی بنەمـاڵەی خۆیـان هەڵسـوکەوتیان تەکـا ئەکەن؛ بەڵام لە گەڵ ئەم بەڕێـزانە جیـاواز لە جۆرێـک "کاسـتی* هەمیشـە پەسـت" نـاجووڵێنەوە. ئەوان بە سەرشـۆڕی و تەریقکردنەوەیەکـی بـێ سـەمەر ئەڕوانـنە تازەهـاتووە بـێ ریشـە، فـرت و فێـڵ کەر و لەخۆباییەکـانی بـاکوور؛

ئەوکەسانەی تەنیا سەرنجراکێشیان لە پارە و رەگەزەکەیاندایە و هیچ هێزێکی بزوێنەری تر شک نابەن؛ ئەوانەی کە نە گرێدراوییە کۆمەڵایەتییەکان بە فەرمی دەناسن نە پێورە جوانیناسی یەکان. لە ڕۆمانەکانی فاکنەر، نوێنەرانی سەرەکی ئەم تاقمە بنەماڵەی ئیسپانسن17؛ ((بنەماڵەیەکی بە رووکەش ماندوونەناس کە بەدرێژایی دە ساڵی پێشوو لە شوێنێکی گچکەی ناسراو بە گەرەکی فەرنسییەکان- کەم کەم بۆ شاری (جفرسۆن) هاتوون.)) فلم ئسپانس، پێداگرە لە کۆکردنەوەی پارە و گەیشتن بە دەسەڵات: ((رۆژێک، بێ هاتوهاوار لە پشتی پێشخوانی رستۆرانێکی گچکەی کەنار شەقام، سەروگوێلاکی دەرکەوت...بە ئینجاپا، وەکوو ئیبراهیمی پێغەمبەر- قەوم و خزمەکانی خۆی تاک تاک، یان خێزان خێزان ئەهێنایە شار و بە جۆرێک سەروسامانی ئەدان کە بتوانن پارە کۆکەنەوە.)) ئەوان((لە کار و پیشەگەلی گچکە و جۆراوجۆری پلە سێی دوکانگەلی بەقاڵی، سەرتاشخانە و ... دادەمەزران؛ زاوزێیان کرد و ریشکیان داکوتا. کۆنە دانیشتووان، لە ماڵ و دوکان و نووسینگە رازاوەکانیان، سەرەتا بە گەشت و سەیران و سەرگەرمی، لەدوایی سەرسامی و شپرزەیی بینەری ئەم رەوتە بوون.)) لە رەوتی رووداوەکانی ڕۆمانەکە، چینێکی نوێ پەرەدەستێنن تا ئەو وەختەی ((سارتۆریسەکان)) لە هەمبەر((ئسپانسەکان)) لە ناو ئەچن. مەزرا، گوند، ماڵی رازاوە و گالیسکە، جێکەیان دا بە دوکان، شار، بانک و ترۆمبیلەکان، سیمای باشوور لە دیمەنێکی رەنگباختوو لە باکوور نزیک ئەبێتەوە.

تەنیا (ئسپانس))ێ کە لەم کتێبە دەردەکەوێت، دەفتەرداری بانکی بایارد سارتۆریسە. ئەو بە پلانێکی داڕژاو دەس بە دزی دەکات، پارە پاشەکەوت دەکات، لە دەقەرێکی بۆگەن ماڵێک دەکاتەوە و نامەگەلێکی خۆشەویستانەی بێواژۆ بۆ نارسیسا بن بۆ- کە بە هۆی گرێدراوییەوە بە بنەماڵەی سارتۆریس دوورە دەستە – دەنووسێت. برای کچەکە، هۆراس بن بۆ پارێزەرێکە

کە بە ((سـیما جوانخاسـە گاڵتەجـارەکەی)) دەناسـرێتەوە. ئەو لە گەڵ ژنەهەوسبازی باشـترین هـاوڕێی خـۆی پێوەنـدی نـاڕەوا سـاز دەکـات و خۆشـکە هەسـتیار و بەئاکـارەکەی دڵنـیگەران دەکـات. نارسیسـاش بە نهێنـی و دڵەخـورپە تووشـی عەشـقی بایاردسارتۆریسـی دووەم دەبێـت. بایـارد گـوێی تـێ نـادات، چوونکـوو رۆحـی خـۆی بە تـرۆمبیلەکەی فرۆشـتووە. وەختێـک لە رووداوێکـی هـاتوچۆدا چەن پەراسـوویەکی بایـارد دەشـکێت، نارسیسـا بە گەرموگـوڕییەکی کـوژاوە کێشـکچییەتی دەکـات تـاکوو بایـاریش بەهاوسـەرێتی وەری دەگرێـت. ئەو کـاتەی پەراسـووەکان و تـرۆمبیلەکەی سـاق ئەبێـتەوە، بایـارد بـاپیری بە زۆر و پێـداگری ئەبـا بـۆ گەشـت و سـەیران، تـرۆمبیلەکە ئەکەوێـتە نـاو چـاڵاییەک. سـەرەتا بایـارد بە هـۆی سـەختی بیـرینەکەی دەمرێـت و مـاوەیەکیش دوای ئەو بایـاردی دووەم لە کـاتی فڕینـی بە فـڕۆکە، تووشـی کێشـەی تەکنیکـی دەبێـت و ئەفەوتـێ. لەو کـاتەدا ئەو بیست و حەوت ساڵانوو و ساڵی 1920 بوو.

چیـرۆکەکە هەر ئەمەیە کە بـۆم بـاس کـردن، بەڵام بە بـێ لایەنە هونەرییەکـانی چیـرۆکەکە هـیچە. لێـرەدا پێکهـاتە و شـێوازێک بـوونی هەیە و وێناگەلێـک کە بە هەڵوێسـتە تێیـدا دانـراوە: دیمەنـی شـار و دوکانەکـان و کاسـپکاران و بێکارەکـانیش. ئاسـەواری کـۆنەهەوار لە گەڵ مـاڵگەلی بێـدەنگ و سەرسـەوز و سـەیوان داری خـانوخەوانی رووڵەنـاوچوونە؛ دیمەنـی ئەم خێـزانە شکسـت خـواردووانە، لە گەڵ بیرەوەریـی لـوتبەرزانە و خەمهێنەریـان لە رابـردووی بەشـکۆدا؛ دیمەنـی کویلەکـانی پێشـوو و منـداڵە بـێ مـاڵ و مناڵەکانیـان، بێـنەواو زیـرەک کە زمـانی ئنگلیزیـان بـۆ کۆخـوێنی پێویسـتی و ئاوازەکانیـان گۆڕانـد.باشـترین لایەنـی کـاری فـاکنەر تۆمـاری سـادە و نزیکـانەی دۆخـی باشـوورە: رەنـگ و تێکەڵـی خـاکوخۆڵ، گژوگیـا و گـوڵگەلی تـایبەتی دەڤەرەکە کە((جەنگەڵێکـی چڕسـتان و خۆەشـنیگارە)) لە ((یاسـگەلی هنـدی، کەوە، بەنەوش ... و لاولاوی فرەوفـراوان))ـە؛ ((دیمەنـی یاسـەمەنگەلی یەک لە دوای یەک لە نـاو مـاڵەکە بـڵاو بـۆتەوە))؛ باڵنـدەگەلی نـاوچەکە

کە((بەرەبەیان بە شیرینی و دڵنشینی ئەخوێنن)). بارانی باشوور کە زەوی و ئاناناسەکان ئەشواتەوە و خاک و خۆڵ لە هەمبەر تیشکی بە تینی هەتاو بە رەنگی سوور دەردێنێت. ئێمە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کتێبە لە بەهای کارو عەشقێکی فراوان تەواو بووگە. فاکنەر باشووری خۆی، بە لەبەرچاوگرتنی((زەلکاوەکانی بویناک و دێرینە و دواکەوتووییە مانەویی))ەکەی، بە تەواوی دەوڵەمەنی و سەرسەوزی باکووری پەلاماردەر ناگۆڕێتەوە. ئەو بۆ شیکردنەوە و وەسفی ئەو دیمەنانەی کە بە وردیی بینەریان بووە، بە هەڵویستەوە بە شوێن وشەگەلێکی شاز و گیاندار ئەگەڕێت. بە چەشنێک لە سەر کاری سەختی هێسترێک ئەنووسێت کە ئێژی قسە لە براکەی دەکات؛ ئەنووسێت کە چۆن هێسترێکی گەنج((دەبێ کەمێکیتر بە زمانی هەوڵەق و تەکانی خێرای کلکی بە شوێنی بۆن لە رێبەدەرکەر و شێتانەکان کە دنیای ئەمەلاو لای پڕ کردۆتەوە هەڵبێت و ئەوی لە هەر بێشەزار و نەیزار و دۆڵێکی تەنک بۆ لای خۆی بانگی دەکات.)) ئەم نووسەرە جەسوورە هەندێ کات بۆ بەدەست هێنانی داهێنەری، زۆر دەڕواتە پێشێ؛ وەکوو ئەو کاتەی ئەکەوێتە وەسفی ژنانی هەڵەخەرج، کە بە دەنگی خشەخشی جەمکردنی کراسەکانیان((دەنگی مەکربازانەی خاتوونی خاوەنماڵ ون دەبوو))، لە سەر مێزی خواردنی ئێواران هەڵدەستێ. بابەتگەلێکیشی هەیە کە بە بێ زایە بوون بە ئاوەڵناو یان پەخشانێکی دەسکرد لە جوانیی لێوڕێژە.

کتێبی سارتۆریس، بەرە بەرە لایەنگرانێکی دۆزیەوە؛ مافی نووسەرەکەی درا و فاکنەر توانی بە خۆشی و دڵنیایی خواردنێک بخوات. لە ساڵی 1929 لە گەڵ خانمی ئستل فرانکلین، بێوەژنێک کە لە شووی پێشووی دوو منداڵی هەبوو ژیانی هاوسەریێتی پێک هێنا. ویلیام منالێکیشی وەکوو جەهیزییەی ئەو قەبووڵ کرد.

فاکنەر بەر لە بڵاوکردنەوەی سارتۆریس، کۆتایی بە نووسینی رۆمانێکیش هێنابوو کە پاش ماوەیەک بە باشترین بەرهەمی

خـۆی نـاوی لێبـرد. نـاوەڕۆکی تـوڕەیی و هاتوهـاوار(1929) یـش لە نـاوچوونی یەکێـک لە خێزانەکـانی چینـی سـەرەوەیە؛ ئەم خێـزانە کامپســۆنەکانن. ئەم کتێــبە کە ئێــژی روانــگەی موکەبســی18 لە بـارەی زنـدەگی، وەکـوو((چیرۆکێـک کە شرۆشـێتێک ئەیگێـڕێتەوە، کەڵەکەبـوو لە تـوڕەیی و هاتوهـاوار بـۆ هـیچ و پـووچ)) بەیـانی بکـات سـەرەتا لە زوانـی شرۆشـێتێک بە نـاوی بنجـی19، ئەگێـڕدرێتەوە کە ((سـی سـاڵەیەکی سـێ سـاڵەس)) شـوبهێندراوە. کەسـایەتی ئەو کەمتـر لەوەیە کە چیـرۆکەکە بە شـێوەیەکی رێـک و پێـک و مانـادار بگێـڕێتەوە، بە شـێوازێکی تاریـک و لێـڵ ئەیگـوازێتەوە بۆمـان. ئەنجـامی کـار لە کردنـی رێکـی بە نـاڕێکی و رۆشـنی بە لێڵـی، وەکـوو هەنـدێک لە نیگارەکـانی سـەردەمە. لە گۆڕەپـانی ناوەنـدی چیـرۆک، بنجـی بـێ ئەوەی بە تەواوەتـی درک پـێ بکـات کە لەم لاولای چیـی روودەدات - چـاوی بە هاوسـێیەکی ئەکەوێـت کە خۆشـکەکەی، کـدی کامپسـۆن ئەخەڵەتێنێـت؛ کـچەکە لە سـەرەتاوە خـۆڕاگری دەکـات و لە دوایـی دا خـۆی بە دەسـتەوە ئەدات؛ ئەوکـات داوای لێبـوردن ئەکـات و لە بەرپێـی بنجـی چـۆک دائەدات. ((وتـی: نـایکەم، ئیتـر نـایکەم، بنجـی، بنجـی... ئەگریـا و منـــیش ئەگریـــام و یەکترمـــان لە ئـــامێزگرت.)) بەم زووانە ســەروکاکڵی منــداڵێک دەردەکەوێـت. کـدی بە پەلە و زۆرەملــی شـــوو دەکـــات. لە دوایـــین وەرز، کـــوڕی گەورە- کە میراتگـــری بنەمـــاڵەی کامپســـۆنە- ئەو کـــاتەی بە تـــاوانی خۆشـــکەکەی(کـــدی) ئەزانێـــت، خـــۆی دەکوژێـــت. چیـــرۆک، ئەگەر بتـــوانین ئـــاخر و ئـــۆخرێکی بـــۆ دانـــێن، چیرۆکێکـــی قەویـــیە. بەڵام فـــاکنەر لە هـــیچ ئامێریک بۆ تەماویی کردنی درێخی نەکردووە.

فـــاکنەر دەڵێـــت: لە هـــاوینی ســـاڵی 1929، لە کـــارگەی کارەبـای(ئاکسـفۆرد) لە نـۆرەی کـاری شـەوانە، لە کـاتژمێر 6ی دوا نیـوەڕۆ تـا 6ی بەیـانی، بە پیشـەی کرێکـاری هەڵگرتنـی خەڵـوزبەرد، کـارێکم وەرگـرت. خەڵـووزەکەم لە هەمـارەکە ئەرژتە نـاو چەرخە دەسـییەکە، ئەمبـردە نـاو کـارگەکە و لە شـوێنێک کە خەڵـووزرێژ بتوانێـت بیانکـاتە نـاو کـوورەی دیگـی سـۆبەکە، هەڵمـئەرژت.

نزیکەی کاتژمێر 11 کرێکارەکان ئەچوون ئەنووستن؛ ئیدی دۆکەڵێکی زۆرمان پێویست نەبوو. ئەو کات ئێمە، واتا من و خەڵووزرێژەکە، ئەمانتوانی پشوویەک بدەین. ئەو لە سەر کورسییەکەی دادەنیشت و قوتەنۆسکە ئەیبردەوە. من بە چەرخێکی دەسییەوە، مێزێکم سازیبوو... لەو شەوانە بوو کە لە 12 تا 4 بەیانی، کتێبی کاتی ئاویلکەدانم20 لە ماوەی 6 حەوتە نووسی.

لەم ڕۆمانە سەرکەوتووە، حەماسەی لەناوچوون، داوێنی خێزانێکی دەسکورتی سپی پێست ئەگرێتەوە کە لە سەر زەوییە کەم بەهرە و سەمەرەکەیان لە نزیکی گەڕەکی فەرەنسییەکان کار ئەکەن. فاکنەر شارنشین بوو، بەڵام کەلتوور و زمانی مەزراکان، گوندنشینەکان و تەنانەت ئاژەڵەکانیشیانی دەزانی؛ ئەو بە وردەکارییەکی تەواوەوە باسی دەستەمۆکردنی ئەسپێکی لە ڕێگەی پیاوێکەوە کردووە. چیرۆکەکە لە بازنەی مەرگ و لە گۆڕنانی ئادی باندرن، لە دوای خستنەوەی پێنج منداڵ، بۆ شوویەکی بێ دەس و پێ و پێس قاییم و بێ مێشک، ئەخولێتەوە. ((دیویی دل))، تەنیا کچی خێزانەکە، دایکی نزیک لە مەرگی بە شێوەیەکی کۆڵنەدەرانە با لێ ئەدات؛ یەکێک لە کوڕەکانی، کش21 مەیتەکەی لە ژێر پەنجەرەی ژوورەکەی و لە ژێر چاوەدێری خۆی ئەیسازێت. کوڕەکانی تری خێزانەکە لە ناسزاکردن دەسی کەمێکیان لە باوکیان نییە؛ ئەوان لانی کەم لە کاتژمێرێک سێ جار واژەی لەعەنەتی بە کار دەبەن. ئادی لە تەکی هاوسەری بەدخوو و خەدەی رۆژگارێکی خوەشی بە سەر نەبرد؛ لەوەی کە دەبێ لە لای خزم و قەومەکانی هاوسەری لە گۆڕ بنرێت، خوەشحاڵ نییە؛ لە کوڕەکانی ئەپاڕێتەوە؛ کە تەرمەکەی ببەن بۆ جفرسۆن و لە پەنای کەس و کاری خۆی لە گۆڕی نێن؛ شووەکەی قەبوولی دەکات، چوونکوو هومێدەوارە لەو شارە دەسێک ددانی دەسکردی دەسکەوێت. دەمودەست لە دوای مەرگی ئادی ئەندامانی بنەماڵە تەرمەکەی کە هەنووز گەرمە، ئەتەپێننە ناو مەیتە تەنگەبەرەکە و ئەیخەنە سەر

گـاڕییەکی پـواو و لەکـار کەوتـوو، دوو دانە هێسـترەکەیان جلـو کۆپـان ئەکەن و ڕێیەکـی دوورودرێـژ بەرە و ناوەنـدی نـاوچەکە، لە بەر دەگرن.

دەیـان بەڵا و بەدبەختییـان بە سـەر دێـت. لە بـاران و رهـێڵەیەک سـەرتاپێیان تەڕ ئەبێـت و بەرز بـوونەوەی ئـاوی رووبـارەکەش ئەبێـتە هـۆی وێـران بـوونی ئەو پـردەی کە دەبـێ بە سـەری دا تێـپەڕن. چەنـدین کیلـۆمەتریتر دەربـاز ئەکەن تـاکوو بە سـەر پردێکـی دیـکەدا تێپەڕن کەچـی ئەویش وێـران بـووە. هەوڵ ئەدەن تـاکوو لە رووبـارە تیـژەکە تێـپەڕن بەڵام هێسـترەکانیان دەخنکێـت. هێسـتر و گالیسـکە لە فلـم ئسـناپس ئەسـێنن و دەسـی دوائـاخر ئەگەنە جفرسـۆن. ڕێورەسـمی ئەسـپەردەکردن بەڕێوەدەچێـت؛ ((دیـویی دل)) ئەو دەڵەمەیەی کە بە دزیـیەوە پێـیەوە ئـاوس بـووە لە بـاری دەبـات؛ ئـانس دەسـەیەک ددانـی نـوێ، گرامافۆنێـک و هاوسـەرێکی نـوێی دەس دەکەوێـت. "لە کـاتی ئـاویلکەدانیش" دا بە شـێویەکی بەربـڵاو پیاهەڵگوتنیـان کـردووە؛ بەڵام مـن بە کتێـوێکی جـاڕزکەر و خەم و کەسـەر هێنـی دادەنـێم. فـاکنەر دانـی پێـداناوە کە: ((بە پێـی ئەو هەمـوو بەڵا سروشـتییەی کە دەشـێت بە سـەر خێزانێـک داڕوخێـت، تێفکـریم و هێشـتم کە هەمـوو شـتێک ڕووبـدات. دانـی پێـدادەنێم کە چەرخێکـی دەسـی هـیچ سەرنجراکێشـییەکی تێـدا نیـیە و هێـوادارم کە هیچکـات ناچـار نەکـرێم لە پرسـە و مـاتەمینێکی شەسـت کیلـومەتری بەشـداری بکەم.))

ویلیمـام راسـتگۆیانە دان بە بـابەتیکی تـردا دەنێـت: ئەو بە ئەنقەسـت چیرۆکـی هەرێـم22(1931) بـۆ سەرنجراکێشـانی کرِیـار- لەوانەشـە وەکـوو کەرەسـەیەکی بانگهێشـت کـردن بـۆ هـالیوود – لە گەڵ سـکس و تونـدوتیژی ئەخـاتە سـەریەک و قەرەبـاڵغی دەکـات. فلـێم سـازان وەڵامـی ئەرێنیـان دایەوە؛ فلـێمەکە سـەرکەوتنی بە دەس هێنـاو و رەخنەگرێـک، کتێـبەکەی بە ((یەکێـک لە باشـترین ڕۆمانەکـانی ئەو سـەردەمە)) نـاو بـرد.

سامناکە! لە ناو مشتێ ((ئەشقاڵی سپی پێست)) تومپل دریک، کچێکی دواناوەندی، بە هەوسی هاونوێنی، سەرگەردان ئەخولێتەوە؛ عەوداڵ و لە شوێنی ئەو، کۆمەڵێ پیاوی خولیای دامرکاندنی ئاگری هەوا و هەوسیان ئەخولێنەوە؛ قەتڵێک روو ئەدات؛ رەشێک لینچ ئەبێ؛ باوکی تومپلی دووگیان ئەخاتە سەر رێ و بە شووی ئەدات. تومپل چاوەڕێ دەمێنێتەوە تاکوو درێژەی چیرۆکی ژیانی، لە کتێبی شین گێڕی بۆ کچە راهیب(1950) جارکیتر دەردەکەوێت. لەم کۆتاییە دراماتیکە، ئەو بە رەزامەندی ئیزن بە پەرستارەکەی ئەدات کۆرپەڵە نەخوازراوەکەی لە ناو بەرێت؛ لە گەڵ سۆتە و زیناکارەکەی هەڵدێت، دوبارە بۆ لای هاوسەرەکەی ئەگەڕێتەوە و پەنجا لاپەڕەی کتێبەکە داگیر دەکات تا دان بە خیانەتەکەیدا بنێت، ئەگەر چی بە هۆی ئەووەوە پەرستارەکەی بە تاوانی کوشتنی منداڵە کۆرپەڵەکەی لە سێدارە دەدرێت. لەم کتێبەدا بە پێی پێویست شاوەت و خوێنڕێژی بۆ دە دوانزە فیلم بوونی هەیە؛ بەڵام بۆ ئەو پیاوەی کە دەیەویست شاکارەکەی بنوسێت، بەرهەمێکی ناشیاو بوو.

مانای سەردێڕی رۆشنایی مانگی ئوت24(1932) هێشتاکەش بۆ من لێڵ و تەماوییە؛ مەگەر ئەوەی مەبەست و ئاماژەی سێبەرە بگۆڕەکانی بوولێڵی بەیانی و نیوەڕۆ و شەوی ئەو یەک مانگە بێت کە چیرۆکەکە تێیدا روو ئەدات. لناگرووز، پێ خاوس و ئاوس (لە کتێبەکانی فاکنەر هیچ کات نەبووە ماوەیەکی زۆر تێپەڕێت و ژنێک ئاوس نەبێت) بە دوای باوکی ئاوارە و ماڵ بەکۆڵی منداڵەکەی لە ئالباماوە بە رێ دەکەوێت و لە دوای سی رۆژ دەگاتە جفرسۆن. ئەمە چیرۆکێکی کاریگەرە کە فاکنەر بە هاودەردی تەواو— بە هەڵویستە هەر خاڵ و پنتێک کە لە شەقام و ئاسمان، هەر کردەوە یان وشەیەکی هیوابەخش یان خۆشەویستییەک کە پاڵنەری و بزوێنەری شوێنکەوتنە هیوابەخشەکەی بێت- بەیانی دەکات. سەرئەنجام ئەم ژن دەگاتە جفرسۆن و بۆی دەردەکەوێت پیاوە پەیمانشکێنەکەی کە

فریوی داوە، دایمە سەرخۆشەو قاچاخچێتی شەراو دەکات؛ ئەم مرۆڤە بە دەرکەوتنی لنا، لە سڵ و سامی دوبارە سەروسامان گرتنەوە پێڵاوەکەی هەڵدەکێشێت و هەڵدێت. دوو روداوی گرێوتیندار ئەخرێتە پاڵ گێڕانەوە بنیاتییەکە: یەکیان ئەوەیە کە دنگۆبڵاوکەرانی شار، ئاگایانە و بە ورەیەکی کۆڵنەدەر، ژیانی قەشەیەکی بێ تاوان- کە هاوسەری لەرێ بە دەر بووە- ئەشێوێنن؛ و دووەم ئەوەی کە چۆن و بە چ شێوەیەک ((پیورتین)) ی دەمارگرژ، بە دیسیپلینێکی رادیکاڵ و دەروێشانە، منداڵێکی بێ پەنا ئەکاتە جنایەتکارێک. بەڵام لێرەدا قارەمانێک بە ناوی بایرون بنچ هەیە کە لە تەواوی چەرمەسەرییەکان یارمەتی لنا ئەکات، عاشقی ئەبێت و لە ئەنجام لە کۆتاییەکی خوەش- کە لە بەرهەمەکانی فاکنەر دەگمەن دەردەکەوێت- بەهاوسەرێتی هەڵیئەبژێرێت و منداڵەکەش قەبووڵ ئەکات. گەڵاڵەی چیرۆکەکە نابێ لەمە زیاتر بکرێتەوە، چونکوو ئەمە تاقە کتێوێکی فاکنەرە کە خوێنەر دەبێ دیمەن بە دیمەن عەوداڵی بێت.

لە نوامبری ساڵی 1932 فاکنەر وەکوو فیلمنامە نووسێک چوو بۆ هالیوود. کەچی، نارەزا لە مووچەکەی لەوی چوو بۆ ئاکسفۆرد و دەستی بە ڕۆماننووسینەوە کرد و ئابشلەم ، ئابشالەم!25 (1936) و لە گیران نەهاتوو26(1938) خەڵاتی رەخنەگرانی وەرگرت. هەروەها ئەم خەڵاتە شانسێکی گشتی بۆی هێنایە ئاراوە؛ تا ساڵی 1949 کە خەڵاتی ئەدەبی نۆبلی وەرگرت و لایەنگرانێکی تازەی دۆزییەوە، خوێنەری کتێبەکانی بە زیاتر لە چوار هەزار کەس نەدەگەیشتن. (تیراژی کتیبەکانی زۆر کەم بوو.)

فاکنەر هەر رۆژ  بە سەرسەختییەکی زیاتر قەڵەمەکەی بۆ بەیانی تاریکترین لایەنەکانی زندەگی خەڵکی نیشتمانەکەی بە کار ئەبرد. لەو ((سێیانە))27یەی کە بەشێک لە بایەخدارترین دەسکەوتە ئەدەبییەکانێتی، بەدوای دیرۆکی بنەماڵەی ئسناپس و بە سەرهاتی پڕهەوراز و نشێوی حرس و چاوچنۆکی لە

رادەبەدەریـــان ئەڕوات. لە گونــــددا28(1940) فلــــم ئســــناپس کرێکـــارێکی هەژار بەڵام بە توانــا، لە کـــافەی فەرنســـییەکان کــار دەکـــات؛ ئەو تـــا رادەی ئەمانەتـــداری فرۆشـــگەی گونـــدەکە پـــلەی بەرز دەبێـــتەوە؛ پـــاش ئەوەی خـــاوەنی فرۆشـــگەکە ئەزانـــێ کە کـــچەکەی ((ئـــولا))، لە پیـــاوێکی نەناســـیاو ئاوســـە، کـــچەکەی لە بـــاتی فرۆشـــگە و چەن تـــیکە زەوی بە هاوســـەرێتی فلـــم دەردێنێـــت. بەر لەوەی کتێـــبەکە کۆتـــایی پـــێ بێـــت، ئەو پـــێگەی تـــا ســـەرۆکایەتی بـــانکی نـــاوچەکە لە جفرســـۆن بەرز ئەبێـــتەوە. لە کتێبـــی شـــار29(1957) لە نێـــوان پێکـــدادانەکانی تـــووڕەی ســـپییە کەلە شـــەق و رەشـــە ســـەرزنگە ترســـێنەرەکان، فـــاکنەر بە دوور و درێژیەکـــی فـــرەوان، قۆلتەوپـــۆلتەی زاراوەیـــی، چیرۆکـــی لیـــنچ(بەم زووانە)، رەشـــێکی بێگونـــاح لە گەڵ چیرۆکـــی زنـــای ســـەرگورد دواســـپین، ســـەرۆکی بانـــک لە گەڵ ئســـناپس و چیرۆکـــی عەشـــقی نهێنـــی گـــاوین اســـتیونس بە لینـــدا، کـــچە سەرنجراکێشـــی ئـــولا، ئـــاوێتە ئەکـــات. گـــاویەن سەرنجڕاکێشـــترین، خۆشەوســـیتترین و کەڵـــک نەخـــواردووترین کەســـایەتی ئەفرێنـــدراوی فـــاکنەرە: خوێنـــدکاری پێشـــووی زانکـــۆی هـــاروارد و بـــاوەڕپێکراوترین پـــارێزەری کێشـــە و گرفتەکـــانی جفرســـۆنە و بە شـــێوازێک ســـەرقاڵی ئـــیش و کـــاری خەڵـــکە کە ناتوانێـــت دەســـێک بە ســـەر و وەزعـــی خۆیـــدا بێنێـــت. ئـــۆلا لە هەناویـــدا تووشـــی عەشـــقی گـــاویەنە و لینـــدای ئـــازایش دڵـــی کەوتـــۆتە داوی میکـــانیکێکی بـــێ ســـەر و گـــوێ. ئـــۆلا دەس بە خۆکـــوژی ئەدات؛ دواســـپین شـــارەکەی بە جـــێ دێڵێـــت؛ فلـــم ئەبێـــتە ســـەرۆکی بانـــک و گـــاویەن لیندا لە ژێـــر جەور و جەفـــای فلـــم دەردێنێـت و بـــۆ گونـــدی گرینـــویچی دەنێرێـــت تـــا لە هیـــوا و خولیاکـــانی بخنکێـــت. لە کتێبـــی ئەمـــارەت30(1959) یەکێـــک لە ئسناپســـەکانی تـــر، بە هـــۆی قەتڵێـــک کە هۆکـــارەکەی تـــووڕەییە ئەکەوێـــتە زینـــدان و لە دوای هەوڵێکـــی بێئاکـــام، تـــاکوو فلـــم گرەنتـــی(زمـــانەت)بکـــات، لە زینـــدان هەڵـــدێت و خـــۆی دەکوژێـــت تـــا کۆتـــایی بەم چیـــرۆکە درێـــژە بهێنێت.

3. ڕەشەکانی فاکنەر

ئەم هونەرمەندە پڕ تاقەتە، هەر بەو شێوەیەی بەرە بەرە دەچێتە پێشێ، دەربڕینی لە مەڕ ڕەشەکانی چوارچێوەی شوێنگەیی چیرۆکەکانی نەرم و نیانتر ئەبوو. لە کتێبی سارتۆریس، هەموویانی بە کاکە ڕەشە بانگهێشت ئەکرد. لە کتێبەکانی پاشتری وەکوو خەڵکێک باسی ئەوان دەکات کە بە هۆی هەژاری، کەم خوێندەواری و ((نەریتی بوون)) لە باری زەینییەوە دوا کەوتوون. لە کتێبی تووڕەیی و هاتوهاوار، ئەوان لە شێوەگەلی خۆ دزینەوە، بە تایبەت بۆ خۆدزینەوە لە ئیش و کار، زیرەکی پیشان ئەدەن؛ یەکێک لەوان دەڵێت: ((هیچکەس لەم مەملەکەتە بە دەر لە ئەسپێ پەموو، فرە کار ناکات)) هەر وەها فاکنەر لە هەمان کتێب، وێنایەک کە پیشاندەری هاودەردی نەنکە دیلسی31 یە ئەخاتە روو کە لە ناوی تەواوی بنەماڵەی کامپسۆن لە هەموویان دڵکراوەترە. فاکنەر لە سەر گۆڕی نەنکی خۆی، کارۆلینبار (لەلە ڕەشێک کە ئەوی گەورە کردبوو) وەکوو کەسێک باسی ئەکات (( لە تەواوی تەمەنی یار و یاوەری من بووە)) و ناو لێ دەبات و بە رێز و خۆشەویستییەکی زۆرەوە باسی دەکات. لە کتێبی دابەزە، مووسا!32(1942) وێناگەلێکی باش و خوەشویستانە لە ڕەشەکانی باشوور دەخاتەروو. دوا ئاکام لە کتێبی نەخوازراو لە تەپوتۆز33(1948) بۆ پشتیوانی لێکردنیان رادەبێت.

چیرۆکی نەخوازراو لە تەپوتۆزدا لە زمانی چارلز مالیسون، برازای هڤدە ساڵەی گاویەن ئستیونس، ئەگێڕدرێتەوە. چارلز دێتەوە بیری کە لە سەردەمی منداڵی ڕەشێک بە ناوی لۆکاس بیۆچمپ خۆشەویستی بەرانبەر نواندووە؛ ئەم ڕەشە هەنووکە بە تاوانی قەتڵی سپی پێستێک دەس بە سەر کراوە. ئەو شەوە تەواوی ڕەشەکانی جفرسۆن لە ترسی لینچ یان تەنانەت کوشت و بڕیان لەناو ماڵەکانیان خۆیان شاردەوە. چارلز لە مامی و سپی پێستەکانی تر داوای یارمەتی کرد تا تەرمی کوژراوەکە لە گۆڕ

بێنـــە درێ و بیســـەلمێنێت ئەو گـــولەیەی ئەوی کوشـــتووە لە تەک گـولەی حەوت گـولە خـۆرەکەی بیۆچمـپ بە تەواوەتـی جیـاوازە. لە دوای رووبەڕوو بـــــــــوونەوەیەکی وروژێـــــــــنەر لە گەڵ ئەو جەمـــاوەرەی بـــۆ لیـــنچ کردنـــی لۆکـــاس هـــاتوون، ئســـتیونس و گەنـــجەکە ســـەردەکەون و لۆکـــاس ئـــازاد ئەکرێـــت و ئســـتیونس و بـــــرازاکەی ســـــــەبارەت بە ((گرفتـــــــی ڕەچەڵەک)) ئەکەونە وتووێژەوە.

ئســـتیونس دەبێـــژێ: ((بـــێ عەداڵەتـــی لە ئـــێمەیە، لە ئـــێمە باشـووررییەکان، ئـێمە بـۆ خۆمـان، بە تەنیـایی، بەبـێ یـارمەتی دیتـران و تەنـــــانەت بە بـــێ لە بەرچـــــاوگرتنی رای دیتـــــران، دەبـــێ بیانســـڕینەوە و لە نـــاوی بەریـــن)). بـــاکوور و باشـــوور لە بـــاری رەســـەنایەتی و بـــنەچەق، بیرئـــانین و شـــێوازی ژیـــان، بە چەشـــنێک لە گەڵ یەکتـــر جیاوازیـــان هەیە کە هـــیچ کامیـــان ناتوانێـــت ئەوی تریـــان درک بەکـــات. ((بـــاکوور ئامـــادەیی و شـــەوقێکی چـــارەلێبڕاوی هەیە تـــا ســـەبارەت بە باشـــوور نە تەنیـــا چتگەلێکـــی رۆشـــن،بەڵکوو هەر شـــتێکی سەرســـووڕهێنەر و نـــامۆیش بـــاوەڕ پێبکـــات، هەمـــوو شـــتێک.)) و باشـــوویش، خۆبـــایی لە خـــوێنی ئەنگلۆساکســـۆنی خـــۆی، ((شـــارە بـــێ ریشـــە یەکرۆژەکـــانی(بـــاکوور)) لە گەڵ ... پـــیس و پۆخەڵییەکـــانی کەنـــاری ئەورووپـــا)) بگـــرێتە پـــای تەشـــقەڵە و گـــاڵتە پێکـــردن. ئستیونســـی- فـــاکنەر درێـــژەی پـــێ ئەدات: ((لە راســـتیدا ئـێمە بەرگـری لە سیاسـەت، باوەڕەکـان و تەنـانەت رێورەسـمەکانی ژیـــانی خۆمـــان نـــاکەین، بەڵکـــوو لە هاوچەشـــنییەکانی خۆمـــان لە حکـــوومەتی فیـــدراڵ- کە بەشـــەکانی تـــری وڵات دەبـــێ زیـــاتر لە پێشـــوو ئـــازادی تاکەکەســـی و تـــایبەتی خۆیـــان بـــخەنە ئەســـتۆیان – پیـــداگری و بەرگـــری ئەکەیـــن... و هەروەهـــا درێـــژە بە بەرگریـــی کردنـــی خۆمـــان ئەدەیـــن ... تەنیـــا لە هاوچەشـــنێتییە کە هەر جـــۆرە بەهـــایەکی بنچیـــنەدار لە خەڵـــک یـــان بـــۆ خەڵـــک لە دایـــک ئەبێـــت. ئەدەبیـــات، هـــونەر، زانســـت و بەشـــێکی کەم لە حکـــوومەت و پـــۆلیس کە پـــارێزەری ئـــازادی بـــن... و لاوانەیە لە هەمـــووی بە بـــایەختر، چەشـــنێک شوناســـی نەتەوەیـــی بێـــت کە لە دەورەیەکـــی قەیرانـــاوی

کارامەیی و کارتێکەری هەیە.)) و نووسەریش، لە زمانی خۆیەوە، لە بارەی مالیسۆنی گەنجەوە دەڵێت: ((خاک و زەوی کە گۆشت و ئێسقانی ئەو و باپیرانی لە درێژایی شەش نەوە پەروەردە کردووە ... هەنووزیش ئەویان نە وەکوو مرۆڤ بە شێوەی گشتی، بەڵکوو بە شکڵی مرۆڤێکی تایبەت... بە هۆمیدگەل، باوەڕەکان و شێوازەکانی بیرکردنەوە و کردەوەی تایبەتی جۆر و ڕەچەڵەکێکی تایبەت بیچم ئەدات.))

ئستیونس دەیەوێت بۆ چاوپێکەوتنی ڕەشێکی ئازاد کراو بڕوات، بەڵام ((ئەوەی کە بە ڕاستی ئێمە(باشوورییەکان) بەرگریی لێ دەکەین)) بریتییە لە ((بارمتەی ئازاد کردنی ئەو بە دەستی خۆمان.)) بەم پێیە ئازادی ڕەشەکان ئەوەندە درێژ ماوە نییە. خەڵکی باکوور لە سەر ئەو باوەڕەن بە زوویی بە دەستووری کردنێکی سادەی مادەیەکی یاسایی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئەم کارە جێبەجێ بێت.))؛ بەڵام ئەوان ((لە بیریان چۆتەوە ئەگەر چیی چەن بەرەی پێش، ئازادی کەسانی وەکوو لۆکاس بیۆچمپ، بووە هۆی دەرکەوتنی مادەیەکی یاسایی لە دەستووری وڵاتمان دا، بەڵام خاوەنەکەی لۆکاس بیۆچمپ(سپی پێستێکی باشوور) تەنیا نەکەوتە چۆک دادانەوە؛ بەڵکوو بۆ ماوەی دە ساڵ زەجر و ئازاری چێژا تا قەبووڵی کرد؛ بەم پێیەش تەنیا دوای سێ نەوە بوو کە جارێکی تر، بەناچاری یاسایی کردنەوەی مادەیەک بۆ ئازاد کردنی لۆکاس بیۆچمپ ڕۆبەروو بوونەوە.)) ئەم بابەتە وەک لەعنەتێکی پێگەدار بۆ ڕەچەڵەکی سپی، کە ئەم هەموو ساڵە، ڕەشەکانیان کێشابووە کۆیلەیەتیی، ئەمێنێتەوە؛ ((لەعنەتێک بۆ تەواوی منداڵانی سپی پێست... کە دێنە ئەم جیهانەوە، لەعنەتێک کە هیچ کەسێک ناتوانێت لێی دەرباز بێت)) لە جفرسۆن ژنێکی سپی پێست بە ناوی جوئانابوردن ئەژێت کە بە دامەزراندنی قوتابخانەگەلێک بۆ منداڵە ڕەشەکان، هیواداره کە ئاستی ئەم لەعنەتە دابەزێنێت؛ بەڵام کاتێک دوورەگەیەک- جۆکریسمس – پرسیاری لێدەکات: ((بە ڕاستی چ وەختێک ئەو مرۆڤانەی کە ڕەچەڵەکێکی جیاوازیان هەیە، لە

رق و قین نواندن بەرانبەر بە یەکتر دەس هەڵدەگرن؟)) ئەم داخدارانە دەڵێت: ((نازانم.))

ساڵی 1956، فاکنەر لە نامیلکەیەک بۆ گۆڤاری لایف، بە پشتگری و لایەنگری لە یەکسانی و بەرابەری رەش و سپی، تووڕەیی هاوسێ سپی پیستەکانی بەرانبەر بە خۆی هەڵخڕان. نازناوی ((ویلی فاکنەری گریان))یان پێوە نا، نامەگەلێکی پڕ لە جنێویان بۆ نارد، تەلەفوونی خراوەی زۆریان پێکرد؛ پیاهەڵگوتنی باشیی و گەورەیی رەشەکانی کرد و مەنع و مەنایەکی زۆری کڵێسەکانی باشووری بە هۆی بێ وەڵام هێشتنەوەی هاواری یەکسانی خوازانەی رەشەکان کرد. هەر لەو کاتەدا، بە دووپاتکردنەوەی راکەی ئستونس، کە ئەم گرفتە ناکرێت بە گوشاری باکوورییەکان لە سەر باشوورییەکان چارە بکەین، زۆرێک لە دۆستانی باکووری لە دەس دا.

لەوانەیە ئەم هاوارە یەکسانی خوازانەیەی فاکنەر بۆ ئازادی سپی و رەش لە رێگەی سیستەمی پەروەردە و بارهێنانەوە بێت کە لە گەڵ گۆشەنیگایەکی بەرز و بەتوانایی ڕۆمانەکانی، خەڵاتی ئەدەبی نۆبلی پێ بەخشی. لە ساڵی 1950 چوو بۆ ئستکهۆڵم، تا خۆی بە تایبەتی خەڵاتەکە وەربگرێت. لەوێ قسەگەلێکی کۆتاو کاریگەری هاوردە زمان و گوتی: ((مرۆڤ نەتەنیا تاقەت تێرێت، بەڵکوو بەرەو بەرزاییش هەڵدەکشێ.)) ئەو پێشتر دوو جار وەها بابەتێکی بە کار بردبوو: ((توانایی مانەوە و هاوسەنگ کردن و دەوام هێنان بەتەواوی ئەمانەش قیت راوەستان)) بووە ئالایەک کە تا کۆتایی ژیانی لە ژێرییەوە هەنگاوی هەڵئەگرت. ئێژیی قسەکانی ئدگار34 لە لیبر بە بیر دێنێتەوە:

مرۆڤ ئەشێ تاقەت بێرێ بارگە و بنە پێچانەوە بۆ جێهانێکی تر، تەنانەت هێندەی هاتنی بۆ جیهان، کەماڵ، هەموو شتێکە.

کۆتایی بەشی یەکەم

ژێدەر: کتێبی خوێندنەوەکانی ژیان

**فەرهەنگۆک**

زەلکاو : مرداب

پەردوو : سقف

هەرزەکاری: هرزە نگاری

دژەهەو: چد عفونی

ڕێکێتی: انچباگ

هیق: تهوع

خڵتە: رسوب

بەربوونەوە: سقوگ

نەوەکەی : نوە اش

دامەزراوانی : مستخدمین

پەراسوو: دندە قفسە سینە

سەیوان: سایبان

کۆخوێنی: هم خوانی

درێخی: بی توجهی

قوتە نۆسکە: چرت زدن

ئاویلکەدانم: موقع مرگم

ئەسپەردەکردن: خاک کردن

هاونوێنی: هم خوابگی

شین گێڕی: شیون کردن

شاوەت : شهوت

ئاوس: حامله

سێیانە: سە گانە یا تریۆلۆژی

ڕەشەکان : سیاهان

دابەزە: فرود آی

ڕەچەڵەک: نژاد

چارەلێبڕاو: ناگزیر

بارمتە: گروگان

پیلان: توگئە

تەڵەکەبازانە : موزیانە

قوتەنۆسکە: وشەیەکی جافییە بە مانای خەو هاتنی زیادە و سەرقاڵ بوون بە ئیشێکەوە کە ناهێڵێ بخەویت کە چی تۆ قوتەنۆسکە ئەدباتەوە

داسەپاوی: جبری

# ئەوراز

کرد یعنی کوه و "اوراز" و صعود

صخره ، صخره آسمان و ... او نبود!



کاتێک بێزەری هەواڵەکان باسی مەرگی ئەورازی کرد، گوتم ئاخۆ بۆچی دەبێ هەواڵەکان درۆ بکەن؟! من نەمبیستۆ ناوی بەرزی ناودارەکان بۆ ساتێکیش لە ناو بەرگی مێژووی ویژدان پاک بێتەوە. ئاخۆ دەکرێ، کوردان ناوی گەورە پیاوانیان لە یاد بچێ؟ دەکرێ لە مێژوودا کەسێک بووبێ تەنیا هەنگاوێکی بۆ کورد هەڵێنابێ لە بیر و هزری کورد ناوی هەڵنەکەندرابێ؟!

یەکەم کەس بوو لە ناو کورد دا

یەکەم کاس بوو لە ئیرانا

یەکەم کەس بوو لە ناو جەرگەی موسوڵمانان

هەنگاوی نایەوە سەر چیایەک کە هەموو دنیا لە ژێر پێی بوو.

کووتم یەکەم کەس بوو نا... من هەڵەم دەبێ خۆم نووسراوەی خۆم هەڵەچن کەم با بنووسین یەکەم کەسە،

یەک بوون کۆن نابێ، و نابێ بە کرداری ڕابردو ناوی بێنین.

خەزینەی دڵی سندووس هەتا ئێستاش جێ پێی ئەورازی لە ناو پێدەشت و چیاکان بە ئەمانەت ڕاگرتووە، حەوت کانی تەنیا کاتێک کە کوڵی گریانی تۆی هەڵدەستێ چاوەکانی دەگری دەنا ووشکە. سوولتان دووای ئەوەی جەستەی بێگیانی تۆی لە باوەش گرت وەک کرمی ئاوریشەم خۆی تەنیوە، بۆ پەپولە بوون، ئەورازێکی دیکە دەبێ سەر هەڵبێنێ و پێدەشتەکان بهەژێنێ.

ژیاننامە

لە بەرە بەیانی ٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی لە شاری نەغەدە لە ناوچەی سندووس لە دایک بوو. دەورانی سەرەتایی و ناوەندی لە خوێندنگایەکەنی سەید قوتب و شەهید محەمەد رەئوف و قازی محەمەد لە نەغەدە تەواو کرد لە ساڵی ٦٦-١٣٦٥ هەتاوی دیپلۆمی زانستی ئابوری و کۆمەڵایەتی وەرگرت. لە ساڵی ١٣٧٣ لە کارناسی وەرزش(تربیت بدنی) زانستگای ورمێ وەرگیرا لە ساڵی ١٣٧٩ پلەی کارناسی بە دەست هێنا.

لە ساڵی ١٣٧٦ گرووپی شاخەوانی قەندیلی بنیات نا لە دوایش دا کاری خۆی لە گرووپی شاخەوانی سامرەند درێژە پێدا ، لە کۆتایی دا لە ساڵی ١٣٧٣ گرووپی شاخەوانانی نەغەدەی بۆ لایەنگرانی وەرزشی شاخەوانی لە خۆی بە میرات بە جێ هێشت.

ســـاڵی ١٣٧٦ بە هـــاوڕێیەتی ٦ نەفەر لە ئێـــران ســـەرکەوتنە ســـەر چیـــای ڕاکاپۆشـــی بە بەرزایـــی ٧٧٨٨ ، ئەمە ئەوەڵـین سـەرکەوتنی ئەوراز بـوو بـۆ سـەر لـووتکەی یەکێـک لە زنجیـرە چیاکـــانی هیمالایـــا. ســـاڵی ١٣٧٧ بـــوو بە یەکەم کەس لە مێـژووی ئێـران و کـوردان و موسـولمانان کە سـەر کەوت بـۆ بەرزتـــرین چیـــای گـــۆی زەوی (ئێوێرێســـت) و مەداڵیـــای ئـاڵتونی وەرگـرت ئەم مەداڵیـایە ئەوەڵـین مەداڵیـای ئـاڵتونیی ئازەربایجـــانی ڕۆژاوا بـــوو لە مێـــژووی وەرزشـــی ئەم پارێزگـــایە. دوای ئەوە، ســـات لە دوای ســـات گەورەیـــی ئەم کوڕە کوردە ئاشکراتر دەبوو:

لە ســـاڵی ١٣٧٧ بەڵگەنـــامەی (گواهینـــامە) ڕاهێـــنەری ئاســـتی ٢ی بەرف و سەهۆڵی وەرگرت.

لە ســـاڵی ١٣٧٨ پلـــەی یەکـــی جەهـــانی لە شـــاخەوانی بە دەست هێنا.

١٣٧٨لە بەڵگەنـــامەی (گواهینـــامە) ڕاهێـــنەری ئاســـتی ١ی بە دەست هێنا.

ســـاڵی ١٣٨١ بە بـــێ ئـــامێری هەناسەدان(کپســـول اکســـیژن) چیـــای لوتســـە (بەرزایـــی ٨٥١٦ ) بەزانـــد و مەداڵیـــای ئـــاڵتونی بە دەست هێنا.

ســـاڵی ١٣٨٢ بەڵگەنامە(گواهینـــامە)ی پـــلە ٢ی ســـەرکەوتن سەر بەردی بە دەست هێنا (سنگنوردی).

ساڵی ١٣٨٢ چیای گاشربرۆمی ١ی(بەرزایی ٧٩٠٠) بەزاند و مەداڵیای زێڕی ئاسیای بە دەست هێنا.

پیاوی ئەوەڵی شاخەوانی لە ساڵەکانی ٧٨-٧٩-٨٠

ڕاهێنەری گروپی شاخەوانی لاوان و گەورە پیاوانی ئێران

لە خەرمانانی ساڵی ١٣٨٢ دا کاتێک لەگەل شاخەوانی کۆچکردووی کورد موقبیل هونەرپەژوو دەیان هەویست کێوی گاشێربروومی وڵاتی پاکستان ببەزێنێن، کەوتنە ژێر ڕەهێلەی ڕنووی بەفر و دوای چەندین ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەکانی شەفای پاکستان، محەمەد ئەوراز گیانی لەدەستدا و بۆ هەمیشە دڵی لە لێدان کەوت. گڵکۆی ئەو شاخەوانە کوردە لە شاری نەغەدە لە بن چیای سووڵتان هەلکەوتووە.

سندووس: ناوچەیەکە کە نەغەدە لەویدا هەڵکەوتووە

سووڵتان (سووڵتان یاقووب) – حەوت کانی: دوو شوێنی گەشتیاری نەغەدە

# بەهێزترین ورە، بەهێزترین وەرزشوان:

پێشکەش بە سیامەند ڕەحمان

ئەمیر پەڕغازە




ڕەنگە زۆربەی گەلانی دنیا وەرزشوان و پاڵەوانی گەورەیان لێ هەڵکەوتبێت و ئەو وەرزشوانانە شانازیی زۆریان بۆ وڵاتەکەیان خولقاندبێ. ڕەنگە هێندێک وڵات پارەیەکی زۆر تەرخان کەن بۆ سازکردنی ژێرخانێکی بەهێزی وەرزشی، تا وەرزشوانەکانیان بتوانن لە کێبرکێی نێونەتەوەییەکاندا سەرکەوتن بەدەست بێنن وئاڵای وڵاتەکەیان بەرز کەنەوە. بەڵێ بێگومان ئەوانە ڕاستن و وەرزش و وەرزشوان لە هەموو وڵاتێک گرینگی تایبەتی هەیە و لە وڵاتی ئێمەش ئەم چەشنە پاڵەوانانە کەم نین. پاڵەوانانگەلێکی بێناز کە تەنیا پاش ئەوەی کە لە دنیا ناسران، لە نێوخۆی وڵاتیش ناویان دەبیسترێ. دیارە لە وڵاتی ئێران جگە لە تۆپی پێ هیچ وەرزشێکی دیکە پاڵپشتی ناوەندە دەوڵەتییەکانی بۆلای خۆی ڕانەکێشاوە و ئەوەش لەکاتێکدایە کە هەموو دەم وەرزشەکانی دیکە زۆرتر شانازییان خولقاندووە. جا ئێستا کەسێک لە وڵاتی ئێران، یاریزانی وەرزشێک جگە لە تۆپی پێ

بێـت و لـە شـارێکی سـەرسـنوور وەک شـنۆ (کـە بێبـەشـە لـە زۆربـەی پێداویسـتییە وەرزشـییەکـان) نیشـتەجـێ بـێ و سـەرەڕای ئـەوانـەش کـەمئـەنـدام بێـت، دەبـێ چ هیوایـەکـی بـە سـەرکـەوتـن هـەبێـت؟! کـەوایـە باشـترە پـێش ئـەوەی مـداڵی زێـری دوو وەرزشـوان لـەلای یـەک دابنێـین، چاوێـک بـە هـەلومـەرجـی ژیـان و کۆمەڵگای ئەو دوو کەسە بخشێنین.

ئۆلـەمپیـک گـەورەتـرین مـەیـدانی کێبرکێـی نێـوان نـەتـەوەکانـە کـە هـەر چوارسـاڵ جارێـک و لـەئاسـتێکی زۆر بـەرز بـەڕێـوە دەچـێ. دوابـەدوای ئۆلـەمپیـک، پارائۆلـەمپیـک دەبیتـە مـەیـدانی کێبرکێـی وەرزشـوانە کـەمئـەندامـەکـانی هـەر چـوار قورنـەی دنیـا. گرینگتـرین دروشـمی ئۆلـەمپیـک دەرکـەوتنـی بـەهێزتـرین، خێراتـرین و بـەرزتـرین وەرزشـوانە. بـە شـانازییەوە لـە پارائۆلـەمیکـی ٢٠١٢ی لـەنـدەن کوردێـک بـوو بـە خـاوەنـی یـەکێـک لـەو سـێ نازنـاوە. سـیامەنـدی ڕەحمـان وەک بـەهێزتـرین وەرزشـوانی جیهـان ناسـرا. سـیامەنـد لـەدایـک بـووی سـاڵی ١٣٦٧ی کـۆچی لـە شـاری شـنۆی ناوچـەی موکریانـە و هـەر لـەسـەرەتـای ژیـانی قاچـەکـانی بێبـەشـن لـە هێـزی ئاسـایی واتـە ڕۆیشـتن، کـە ئـەوەش گـەورەتـرین کۆسـپە لـەبـەردەم هـەر مرۆڤێـک. بـەڵـام کـەسـێک دڵـی خولیـای سـەرکـەوتـن بـێ، هـەر سـەردەکـەوێ؛ بۆیـە سـیامەنـد خـۆی لـەگـەڵ ئـەو بارودۆخـە ڕێـک خسـت و سـەرەڕای نـەبـوونی پێداویسـتی تایبـەت بـۆ کـەمئـەنـدامان لـە شـنۆ، وەرزشـی کـردە پیشـە و لـە تـەمـەنـی ٢٠ سـاڵی

(ساڵی ١٣٨٧ی کۆچی) بۆ هەڵبژاردەی هەڵگرتنی قورسایی (وەزنەبەرداری) بانگهێشت کرا و لەو کاتەوە تا ئێستا شانازیی زۆری بۆ خۆی و خەڵکەکەی خولقاندووە. ئەو میدالانەی سیامەند لە کێشی سەرەوەی ١٠٠ کیلۆگرەم بەدەستی هێناون بریتین لە:

لە کێبرکێی جیهانی: زێڕ لە ٢٠٠٨ی ئامریکا، زێڕ لە ٢٠١٠ی مالزی، زێڕ لە ٢٠١١ی ئیمارات و زێو لە ٢٠١٠ مالێزی؛

لە کێبرکێی ئاسیایی: زێڕ لە ٢٠١٠ی چین؛


لە کێبرکێی نێونەتەوەیی: زێڕ لە ٢٠١٠ لیبی، زێڕ لە ٢٠١١ی ئۆردۆن و زێو لە ٢٠١٠ی لیبی.

گەورەترین و دوایین دەسکەوتی سیامەند مسۆگەرکردنی نازناوی بەهێزترین پاڵەوانی دنیایە لەپارائۆلەمپیکی ٢٠١٢ی لەندەن کە توانی بە بەرزکردنی کێشی ٢٨٠ کیلۆیی ڕیکۆردی پارائۆلەمپیک هەڵکێشێ. بێگومان نازناوی بەهێزترین وەرزشوان شایانی سیامەندە، نەوەک بۆ بەهێز بوونی بەڵکوو بۆ ورەی بەرز و باوەڕ بەخۆ بوونی. هیوادارین بەردەوام شادی بخاتە دڵی خەڵکەکەی و نموونەی زۆر بێت.



# لە شەوێکی بارانی دا

ک.د.ئازاد



لە تاران دەگەڕامەوە!

باران بە خوڕڕەم دەباری و شیشە پاکەرەوەی ماشێنەکەم فریا نەدەکەوت بارانەکە پاک وەکا. بە جوانی جادەی پێشەوەی خۆم نەدەدی. کات،لە نیوەشەو لای دابوو. شەو،تاریک و جادە چۆڵ بوو. بە دەگمەن لە ڕووبەڕووم ماشێنێک دەهات و ڕەت دەبوو. کە ماشێنێک لە ڕووبەڕووم ڕا دەهات، چاوم بەر شەوارە دەکەوت. ناچار هێواش دەڕۆیشتم.

دەنگی زیرەک لە ناو ماشێنەکە دا تێکەڵ بە دەنگی ڕکێفکوتی باران و غڕەی ڕۆیشتنی ماشێنەکە دەبوو و سەمفۆنیایەکی بێ وێنەی دەخوڵقاند!

((دەچمە سەر ناڵە شکێنێ بەرانبەر مەحموود ئاوا
وەی وەی بەرانبەر بە میراوا
یاری من هەر کەژاڵە چاوی کاڵە
سوورە گوڵی باخی ساوا پێم بڵێن بۆچی تۆراوە......))

**

گەیشتمە سنووری پارێزگای کوردستان!

بارانی بەهاری تاوێک خۆش دەبۆوە و دووبارە بە خوڕڕەم تر دادەباریەوە!

بە شاری بیجاڕ دا تێپەڕیم ویستم لادەم و نانێک بخۆم،زۆربەی چێشتخانەکان بەسترابوون.

- قیر و سیا لە قاوەخانەیەکی سەر ڕێگا نان دەخۆم!

کــە دەمویســـت لـــە شـــاری بیجـــاڕ وەدەرکەوم،لـــە دوورەوە شـــۆقی ماشـــێنەکەم دای لـــە کەســـێک کـــە بـــەو نیـــوە شـــەوە دەستی لە من حەوا دەدا کە ڕاوەستم.

ـ با کەسێک بەم شەوە هاوڕێم بێ و لە تەنیایی دەربێم!

خێرایـــی ماشـــێنەکە زۆر بـــوو و نزیکـــەی زیـــاتر لـــە بیســـت ســـی میتر دوورتر ڕامگرت و پاشەو پاش کشامەوە.

گەیشـــتمە عاســـتی کەســـەکە و ڕاوەســـتام. دەرگـــای کـــردەوە و هاتە ژوور.

تازە زانیم ژنە!

ـ سپاس کە ڕاوەستان

ـ ببوورە بۆ کوێ دەچی؟

ـ بۆ سنە!

ناچار وەڕێ کەوتم. نەم دەتوانی بڵێم دەگەڵ خۆم نات بەم!

دەنگی زیرەکم کز کردبوو و هێواشتر دەڕۆیشتم.

ژنەکە تەڕ تەڕ بوو و لە هەموو گیانی باران دەتکا.

ـــ ببـــوورە ماشێنەکەشـــم تـــەڕ کـــردی! ســـەعاتێک زیـــاترە چاوەڕوانم!

لەچکـە کـەی دانا و هاویشـتیە سـەندەڵیەکانی پشـتەوە و لـە نـاو جانتاکـەی دەسـتی، لەچکەیـەکی تـازەی دەرهێنـا و لـە سـەری کرد.

بە گەرمای کوورەی ماشێنەکە گیانێکی تری هاتەوە بەر.

ـ بەم نیوە شەوە و بارانە،چۆنە سەر ڕێ کەوتووی؟

ـ ناچارم!

لـــە بـــەر شـــۆقی چـــرای ژووری ماشـــێنەکە جـــار جـــار لام دەکردەوە و سەیرم دەکرد.

تەمـەن، نزیکـەی بیسـت و پێـنج سـاڵانە. چـاو و بـرۆی کێشـراو و جـوان و دەمـوو چـاوێکی سـپی و ڕێـک. دەسـتێک قـژی ڕەشـی

مەیلەو خورمایی بە ناوچاوانە بڵیندەکەی دا لە چەپەوە بۆ راست کشابوون.

باران هێواشتر ببۆوە.

هەر دوو بێدەنگ بووین!

زیرەک هێواش دەیناڵاند:

ئەی مانگ من و تۆ هەر دوو هاو دەردین

هەر دوو گیرۆدەی( با نەمینم ) یەک ئاهی سەردین

......................

لام کردەوە. هاوڕێکەم ئەوەندە ماندوو بوو خەوی لێ کەوتبوو.

لە دوورەوە چرای قاوەخانەیەک وەدیار کەوت. نیزیک بووومەوە ولە بەر دەرکەی قاوەخانەکە ڕامگرت.

دڵم نەهات ژنەکە وەخەبەر بێنم. سووک دابەزیم و چووم بو ژوورەوە. بەو نیوەشەوە بارانیە و لەو چۆڵەوانیە،قاوەخانەکە مشتەری نەبوو. قاوەچی پیاوێکی تێکسمڕاوی بە خۆوە بوو. تەمەنی زیاتر لە چل ساڵ دەبوو.دیار بوو چاوەڕوانی مشتەریەکی وەک منی دەکرد!

ـ سڵاو. چایی و نانیک دەخۆم. هەیە؟

ـ بە خێر بێی. فەرموو. هەرچی بت هەوێ!

ـ تکایە یەک دوو هێلکەم بۆ بکەرە هێلکە و ڕۆن و دەگەڵ ماست و ...چایی ...

ـ بە سەر چاو!

چایەکی بۆ دانام و چوو بۆ لای سازکردنی شێو!

من خەریکی نان خواردن بووم و قاوەچیش دەگەڵ سەماوەر و چایەکەی خەریک بوو کە ژنەکە وەژوور کەوەت!

ـ فەرموو خوشکم!

دوایە ڕووی لە من کرد:

ـ ئەی بۆ نەت فەرموو کە خێزانیشت دەگەڵە!
ژنەکە نەی هێشت من وڵام دەمەوە بە بزەیەکی شیرین جوابی قاوەچی دایەوە!
ــ خەوتبووم. دڵی نەهاتوە خەبەرم کاتەوە! تکایە بۆ منیش یەک دوو هێلکە بێنە.
قاوەچی وەشوێن سازکردنی شێوی ژنەکە کەوت و ژنەکەش هات و بەرانبەرم دانیشت.
ـ ببوورە ئاوا باشترە! با هەر وا بزانێ ژن و مێردین!
ـ فەرموو تا نانەکەی ئێوە دێ شتێکم دەگەڵ بخۆ.
زۆر ئاسایی و وەک ئەوەی هەر بەڕاست ژن و مێرد بین، هات و دەستی بە خواردن کرد.
قاوەچی هێلکە و ڕۆنی ژنەکەی هێنا و لە سەر مێزەکەی دانا و خۆی ڕۆیشت!
دوو بە دوو ئەویشمان خوارد. ژنەکە هیچ ئاڵقەیەکی کە نیشان بدا ژنی مێردانە لە دەستی دا نەبوو!
وا ئاسایی دەجووڵاوە دەتگوت ساڵەهایە یەکتر دەناسین!
ـ تکایە ئەو ئاوە.
پەرداخێکم بۆ پڕ کرد. یەک بین خواردیەوە.
ـ ناوم بارانە!
قاقایەکم بۆ کێشا!
قاوەچی، بە سەر سوڕمانەوە سەرێکی هەڵێنا و چاوێکی لێ کردین دوایە خەریکی کاری خۆی بوو.
ـ بۆ پێکەنی؟
بەم شەوە بارانیە و تۆش هەر باران! لام زۆر سەیر بوو. ببوورە پێکەنیم.
ئەویش پێکەنی. تا ئێستا باشم سەیر نەکردبوو. زۆر جوان بوو. بە پێکەنینەکە، ئەوەندەی تر جوان تر و ڕەزا شیرینتربوو!

دوای نان یەک دوو چامان خواردەوە.
هەستام تا پووڵی خواردنەکەم بدەم بە قاوەچی، دەستی گرتم:
ــ تکایە پەلە مەکە!من ماندووم! ئەگەر دەکرێ با چەند ساعەتێک لێرە بمێنینەوە!
لە قسەکانی و لە چاوانی دا جۆرێک پاڕانەوە و داخواز بوو کە نەم توانی بڵێم نا!
ـ دەی باشە!
چوو بۆ لای قاوەچی. قسەی دەگەڵ قاوەچی کرد.
هاتەوە و وتی: با بڕۆین بخەوین!
قاوەچی وەپێشمان کەوت و لە نهۆمی سەرەوە دیوێکی پێ نیشاندایین:
ـ ئێرەیە! با جێ و بانتان بۆ ڕاخەم.
من چووم ماشێنەکە تاقەت کەم. کە گەڕامەوە باران لە بەر دەرکەی ژوورەکە چاوەڕوانم بوو!
ـ فەرموو!
وەژوور کەوتم! دیوێکی خۆش و تەختێکی خەوی دوو نەفەرە و لە سووچێکی دیوەکەش دا حەمام و...!
ـ ئاخر!
ـ تکایە! با قاوەچی هەر وا بزانێ ژن و مێردین!
وەک ئەفسوون لێکراوانم لێهاتبوو. لە ژوورەوە باران خۆی نیوەڕووت کردەوە و لە جێگا خزا!
ـ وەرە! بۆ داماوی!
منیش کەمیک لە لیباسەکانی سەرەوەم دانا و لە پەنا باران ڕاکشام!
باران،زۆر خۆمانە و ئاسایی قسەی دەکرد وەک ئەوەی دەمێک ساڵە ئاشنای یەک بین!
سەری خستە سەر سینگی من!

- بۆ ناپرسی کێم و چ کارەم؟

ـ خۆت بلّی. تازە زانیشم چ سوودێکی هەیە! من و تۆ چەند ساعەتێک هاوڕێی یەکترین و دوایی دەبینەوە بە غەریب و ناوی یەکتریشمان لە بیر دەچێتەوە. ئەمشەویش دەبێتە بیرەوەری و...

ـ هەر هاتمە ناو ماشێنەکەت زانیم وەک زۆر کەس ناچی! بۆیە نامهەوێ هەر بیرەوەریەکی شەوێکی بارانی بم و بەس!

- ..........

ـ تاقە کچ و تەنیا منالّی باوک و دایکی خۆمم.بیست و چوار سالّمە! دوو سالّ لە دانشگای هەمەدان،تاریخم خوێند و لە سەر داوای باوکم، دوو سالّ پێشتر شووم بە ئامۆزای خۆم کرد و دەستم لە خوێندن هەلّگرت. پاش دوو مانگ زانیم مێردەکەم موعتادە و وازم لێ هێنا و تەلاّقم لێ وەرگرت. باوکم تاجر و زۆر ساماندار بوو. پارەکە بە ڕەحمەتی خوا چوو و دایکیشم دوای مردنی باوکم،بە دەولّەمەندێکی سنەیی شووی کردەوە. من بە تەنیا مامەوە. تەنیا و بێکەس. ئەمشەو سەر لە ئێوارە خەبەریان پێدام کە دایکم زۆر نەخۆشە. بۆیە بەو نیوە شەوە سەر ڕێ کەوتووم. ڕاستی تۆ ژنت هێناوە؟ چەند سالّی؟ نات هەوێ باسی خۆتم بۆ بکەی؟

ـ تەمەنم بیست و هەشت سالّە. تا ئێستا بیرم لە ژن هێنان نەکردۆتەوە! یانی ماوەم نەبووە! تا سێ چوار سالّ پێشتر دەم خوێند و دوایە چووم بۆ سەربازی و ئێستا پتر لە سالّێکە وەک ئەندازیاری بیناسازی لە تاران دامەزراوم!

ئەو شەوە وەک خەون و خەیالّێک بوو. لە باوەشی گەرمی باران دا،فەرامۆشم کرد کێم و چ کارەم.

باران،ئەفسوونی کردبووم. هەستم دەکرد لە بەهەشتی خودا دام و دەگەڵ فریشتەیەک شەو بە سەر دەبەم. ئەو شەوە باران،منی تا ئەو پەڕی خۆشی برد. باران، پارچە ئاورێک بوو کە منی کردە خۆڵەمێش!

نازانم کەی و چۆن خەوم لێکەوت. خەوتم یان لەو پەڕی خۆشی دا بێهۆش بووم!

**

هەتاو، لە پشت پەردەی پەنجەرەوە دیوەکەی گەرم داهێنابوو و لە چاوانم جەقیبوو!

هەستام و لە جێگا دا دانیشتم. بۆ ماوەی چەند چرکەیەک نەمدەزانی لە کوێم.

جێگایەکەم غەریبە هاتە بەر چاو!

وردە وردە بارانی دوێشەو و ڕێگای تاران و .....

ـ باران؟

دەستم بە جێیەکەی باران دا هێنا. جێگە خەوی باران سارد و سڕ بوو.

ـ ڕەنگە چووبێ بۆ حەمام...

هەموو کەلێن و قوژبنێکم پشکنی!

باران دیار نەبوو.

ـ ڕەنگە لە قاوەخانەکە خەریکی نان خواردن بێ!

بە هەڵەداوان خۆم پۆشتە کردەوە و داگەڕام بۆ قاوەخانەکە.

قاوەخانە سێ جوار مشتەری لێ بوو. باران لە ناویان دا نەبوو!

قاوەچی لە پشتی پێشخانەکەی چایی بۆ مشتەریەکان تێدەکرد.

ـ سڵاو! بەیانیتان باش.

ـ سپاس! نازانی کوا؟

ـ کێ؟

ـ ژنەکەم!

ــ سەعاتێک لەوە پێش هات و وتی من بە پەلەم وکارم هەیە. بە ماشێنێک ڕۆیشت بەرەو سنە!

ـ هیچی نەگوت؟

ــ نا! تەنیا وتی مێردەکەم ماندووە و لێی گەڕێ با بخەوێ! دوایە کرێی خەو و خۆراکی دوێشەوی دا و هەمووی حیساب کرد! کرێی نانی بەیانی تۆشی دا! بە خوا برا ژنێکی زۆر باشت هەیە! قەدری بزانە!

❋❋

بارانی سرووشت تەواو ببوو و ئاسمان ساماڵ و ڕۆژ بە تاقی ئاسمانەوە دەدرەوشاوە!

بەرەو سنە وەڕێ کەوتم!

پێچەوانەی شەوی ڕابردوو،نە بارانی سروشت دەباری و نە بارانم لە لا بوو.

لە سنە زۆر گەڕام. هەموو خەستە خانە و دەرمانگاکانم پشکنی. باران، وەک بارانی بەهاری بە زەوی دا ڕۆچووبوو!

❋❋

ئێستاش لە پاش شەش ساڵان، بەهارانە کە باران ڕکێفکوت دەبارێ،تەنیا بە سواری ماشێنەکەم دەچمەوە ئەو قاوەخانەی سەر ڕێگای بیجاڕ. هەر چەند بەنای قاوەخانەکەیان تێک داوە و کردوویانە بە میوانخانەیەکی ئەمرۆیی بە لام هەر جارێ دەچم بۆو شوێنە سوکنایی بە گیانم دادێ!

تەنیا شتێک کە بیرەوەری باران بۆ من تازە دەکاتەوە لەچکە کەیەتی کە شەوی بارانەکە لە سەندەڵی پشتەوەی ماشێنەکە لێی جێمابوو!

باوک و دایک و کەس و کارم زۆر بە گوێم دا دەخوێنن کە ژن بێنم!

بەڵام من دڵم ساغ نابێتەوە!

هەر دوێنێ بوو مامم دەیگوت:

ـ ژن هێنان سەردەمانێک خۆشە. ئەگەر لەو سەردەمە لادا پیاو ناتوانێ دڵی ساغ وەکا ژن بێنێ!

دایکم دەڵێ:

ـ ڕۆڵە خێرا ژن بێنە با ئارەزووی لە ئامێز گرتنی نەوەکەم نەبەمە ژێر گڵ!

هیچیان نازانن من وەک شۆرەکات چاوەڕوانی بارانم!

ئێستاش سنە و بیجاڕ دەگەڕێم تا دووبارە باران وەبینم!

ئاخر باران خۆی پێی وتم:

ـ نامهەوێ هەر بیرەوەریەکی شەوێکی بارانی بم و بەس!

# گەڕەک

نادر خزریان ( ئاژوان)

ماچ ماچێنی بێ پرانەوەی پێ و شەقام و
مزگێنی ئەوینێکی گەورە،
رابردوو داهاتویەکی روونم دەدی
کڵاوم چۆبۆ سەر
عەشق تەنیا ماچ نەبوو
کاتێ بەوە گەیشتم کە
خەیانەتی کرد بە شەقام.
کەچکی بووکێنی دایکم
هێشتاش خوار نەبۆتەوە
تا بووکێنی گەڕەک دەگەڵ شەقامم
نا نا دوا بووکێنیش جیانابمەوە لێی.
گەڕەکی مە فابریقەی خوێنە
چ رەنگێک گەرەکتە دەس دەکەوێ:
سوور، سپی، بێرەنگ
سەردەمێکە
سوور، سپی و بێرەنگی
هەسێرە زێرینەی خوێنیان
سازکردووە لەم ناوچەیە.
شیشەکانی ئەم گەڕەکە
ئێستاش جێگازی پلۆکە بەردەکانی

سەردەمی مناڵیمانی پێوە دیارە.

کتێبەکان دەمخوێننەوە!

دێرەکان لە کەت کەتی نیگاکانم ورد دەبنەوە!

ئاخۆ چ فەلسەفەیەک لە پشتم بێ؟

خەو کتێبەکان دەباتەوە

گەڕەک دێتە خەویان.

ماومەوە لەم گەڕەکە

کێ دێتە لام؟!

ئاور؟ چۆم؟

دەوا؟ پرە؟

هێلکێ ماتێ؟ قەنارە؟

یا بووکی گەڕەک ؟

بەس

تەعبیری خەونی کتێبەکان

وڵامی لایە.

# بۆ ڕوحی خوالێخۆشبوو حەمەی ئەوراز

سامان مەنسوری



گاشربرۆم
بووکی جوان و باڵابەرزی هیمالیا
قارەمانی زۆربەی بنچینە و میللەتان
پێیان لەسەر لووتکەی بەرزی تۆ دانابوو
شەرمە بۆتۆ کەوا توانای هەڵگرتنی و ڕاگرتنی هەڵۆی
بەرزەفڕت نەبوو
ئەی دایکەمێهرەبانەکە
هەرگیز بڕوام بەوە نەبوو ڕۆژێ ببیە باوەژنمان
هەورازی کورد پەنای بۆ لای تۆ هێنابوو، تا دوور لەدەستی ناحەزی
زۆردارەکان، لەسەر لووتکە بەفرینەکەت ئۆقرە بگرێ و خەڵکی جیهان
بانگهێشت بکا بۆ ئازادی
جۆلاًیتەوە و واڕاپەڕیت
ڕاپەڕینت، ڕۆڵەی ڕاپەڕیوی کوردی سپاردە دەستی هەرەسی
بێهاوماڵت
بێ ئەوەی دوای کارەساتی دڵتەزێنت
گوێت لە قەندیلی لێوبەبار، لە نەکەرۆز و لە شاهۆ، لە چلچەمە و
دالاهۆ بێت
کە سەرەخۆشیان لە تەرەغەی ڕەشپۆش دەکرد .

# راز با الهام از سهراب

شبنم رستگار



احساست را به من هدیه کن.

احساس تو قشنگ است.

احساس تو غنچه ی تازه ایست

که در لحظه ی آغاز من می شکوفد در دوردستهای آرزو.

در گذار ساده ی تاریخ

من از باران احتیاج در سایه ای خاکستری در انتظار تجلی تو

روبروی آیینه ی تنهایی چکیده ام.

باز کن چشمهایت را تا ببینی معمای تنهایی من را چشم های تو می گشاید

و رهایی مفهوم خواستن تو در ثانیه های درک من است.

واژه ی تنهایی را که درهم بریزی وزن لحظه های سبز را از اطلسی عشق در باور احساست حس می کنی

و این

راز درآمیختگی قلبهای ماست.

در وسعت آبی آسمان چشمانت که دریایی از معصومیت پیداست

ابرها که باریدند

احساست را به من هدیه کن

تاحس رازقی نگاهت چشمهایم را ماندگار کند در این حصار مطبوع

تا ببینی که من به لطافت جوانه های وجودت

در متن وفای تو

با حریر صداقتت

مثل یقین

با امواج نگاه ساده ات

هم آواز شده ام

و تو را اعجاز بی همتای خوشبختی ام خوانده ام

تا همیشه.

احساست را به من هدیه کن

احساس تو قشنگ است.

با توبودن زیباست.

احساس تو خلقت سحر آمیز آرامش من است.

***

هێمن قوربانی



ئەو قارەمانە لە چ ڕەگەزێکە؟

نێرە یان مێ؟

ئەو قارەمانە کێیە؟

هەوڵ بۆ ئەم خاکە دەدا

دوژمن دەگێڕێتەوە زێدی!

سەرشۆڕی دەکا داگیرکەری وڵاتی من

من نازانم ئەو کێیە

بەس ئەوەندەی هەست پێدەکەم کە ئەوە ژنە...ژن!

شێعر

# ژوانی باران و دار هەنار

سوبحی سەلیمی



– تۆ حەرامی.

لێوت سوورە. چاو بە کلی. ڕەنگین پۆشی.

تۆ حەرامی.

*

بەڵێ ڕاستە.

من حەرامم!

رۆح و جەستەم لە تاریکی نگریسی تۆ هەڵکەندەوە و

لە مەزرای هەرێمی خۆم،

ڕواندمەوە.

دڵم ... بۆ ماوەیەک لەلێدان کەوت،

بۆ تاهەتایە، ژیاندمەوە.

*

هۆی خاڵۆ!

تۆ ڕەنگمژی.

چارشێو و لێوی وشک و دەم و چاوی هەڵنەگرتوو،

رۆحی ژینهەژێنی ژیانتە.

کاتێ پێنووس دێتە ژوان و

ئاوێتەی یەک ئەبینەوە،

ئەنەڕێنی. هەست ئەشکێنی.

کاتێ باران،

بست بە بستی لەشی رووتی دارهەنارێک ئەپشکنێ و

ماچی ئەکا،

چاو ئەنووقێنی. رۆح ئەکرمێنی.

کاتێ هەواڵت پێ ئەدەم:

ئەوە  سوورە کچێک، لە سوورە لێوێک،

سوورە گوڵێک پێشکەش ئەکا،

هەر دوو دەستی بێ نازت بەرە و ئاسمان ئەکەیتەوە و

( ویزە ویزی وشەی عەڕەبی )

سوورەکچێک،

لە رەشەلێوێک حەرام ئەکەی،

بێدەنگ نابم.

تۆ تێناگەی سپی پۆشم.

رەنگین پۆشم.

چاو بە کلم.

سوورە لێوم.

تۆ ئەڵێی من حەرامم؟!

تۆ تێناگەی لاپەڕکان و

پێنووسیشم  هەر حەرامە...

*

بە دەم سووتانی جگەرەوە،

هەستی خنکاوی پیاوەتیت،

گەردنی ناسکی کچێک رەش ئەکات و

قەتماغەی ملبەندەکەشی،

دەنک دەنک

ئەڕژێتە خوار.

دەنک دەنک

فرمێسکی زوقم بووی ژنەکەت،

لەسەر پانتۆڵەکەت ئەنووسم.

دڵۆپ دڵۆپ خوێن و

ملوانک و

ئەسرینی نەڕژاو ...

پانتۆڵەکەت سوور داگیرسا.

دەم و چاوت سوورهەڵگەڕا.

لەبەر ئاوێنە وێستای.

**تۆقای ... تەزبێحەکەت سووڕاند.**

*

**بۆنی هەناسەی دووکەڵاویت،**

**حاڵم شڕ ئەکا.**

**دڵنیا بە ... تۆ حەرامی.**

آبان 87

# روح گرسنه

ستاره چگینیان



۱

روزها

چون گرگ ها می دوند

وتکه‌ای از ما را به دندان می برند

پشت رشته کوه‌ها

خونین است

وشب،

دره‌ای عمیق

در فاصله‌ی گرگ

تا

میش

۲

صبح

صدای گل شاه پسند

در عطر فرّار پرستو

روی درختی

آغشته به باد

٣

ازغُماری

قایقی بی تعادلم

مگرماهی ها سر به راهم کنند

وگرنه قصد دارم

بدون هیچ گونه دعوتی

به اقیانوس آغوش تو

کوچ کنم

٤

تودسته گلی هستی

که خدا

از باغ مخصوص خودش چیده

٥

آیا لاله ها آتش گرفته اند؟

..........

.....

شێعر

# یاد ئاوا

هەستیار ڕۆستەمی



باران یادەکانت
دەشواتەوە
شێعرم شڵێوەتر
لە وەرزێکی وەک
بەهارە!!!
نە بە باڵاتا دەنووسێ
نە تەم
ماڵئاوا لە چاوانم دەکا
یاد ئاوا
باران ئاوا
هۆ خاتوونەکەی
فرچک گرتوو
بە دابڕان
خولیاکانت دەستەمۆی
کام بیرۆکە کردوە
کە شاخستانیە لات
ماچەکانم
هۆ خاتوونەکەی دوورتر
لە داڕشتنی
دواتر هەڵبەستم
دەبم بە ڕێکلامی
ناو دەمارت
هەر خۆم و خەم
هەر خۆت و خاچ

دووبارە دەبمەوە
کەچی باران
وەرزەکانت دەشواتەوە
هۆ خاتوونەکەی
یاخی تر لە باران
کە تۆم ناسی
هەر ساماڵ بوو
شەستە بارانی
شێعرەکانم
تەڕم ناکەی بە حاستەمی
ماچێ لێوەکانت
من دووپاتم
یا تۆ خۆت ناگۆڕیتەوە
بە کاتژمێر ٢٥
کەچی باران
چرکەکانت دەشواتەوە
هۆ خاتوونەکەی
ڕووەو زەریا
کەنارت بۆ کامە حەز
گواستۆتەوە
بەڵەم ئاوا
دوورگە ئاوا
ئەمە گەرداوی تاسەتە
یا جەمسەرەکان
وێک هاتوونەوە
کەچی شەپۆل
کەنارەکانت دەشواتەوە

شێعر

# ڕەنگە ڕۆژێک

ک.د.ئازاد



ڕەنگە ڕۆژێک،
بەرەو لای ئێوە وەگەڕێم!
بە جانتایەک؛
پڕ لە نوقڵی بێ کەسەری و
زەنگیانەی ڕەنگینی حەز و
بازنەی خۆشباوەڕی و خەیاڵ!
یان پاوانەی خەمی ئێوە و
لیزگەیەک لە ڕووناکایی!
**
خاکی وشەم،
بە دیاری بێنم بۆ ئێوە
بیکەن بە خشت!
بۆ خانووچکەیخەونەکانتان
یان بۆ وارشی گۆڕی هیوا!
**
دەستەکانم،
پڕ لە سەداقەتی ڕەوشت بوون و
باخەڵم پڕ لە گڕووگاڵ!
نە توانیتان،
دەگەڵ مناڵیما هەڵکەن
نە حورمەتی گیانم بگرن!
**
تەماوییە!
کوێستانەکانی عاتیفە و
خۆڵبارانە
پێدەشتەکانی چارەنووس!
**

من بەهاریم!
لە ناو لیستەکەی خەزان و
سەرما وسۆڵە دا خۆم بینی!
من دەریاییم!
لە ناو ڕیزی وشکارۆی ڕووح
هێلانەتان بۆ چێ دەکردم!
من ئاسمانیم،
زەلکاوێکتان پێشکەش کردم!
**
هەر پێش ئەوەی لە دایک بم
نیشتمانم
پاوانێکی هۆردووی خەم بوو!
شەرم و بەزەیی و ئازادی
هەڕاج دەکرا!
فریو،
تەنیا وانەی منداڵان بوو!
نەفرەت،
بێشکەی خەونەکان و
برین،
وێستگەی سادەییمان!
**
هەرچی قیژەی منالیم بوو،
شەتەک درا،
لە پێتەختی
کۆمارێکی زۆر ساوا دا
هەڕاج کرا!
چەقۆ لە دەسکی ترازا و
گەڕایەوە،
دایکی خۆی شەقار کردا!
**

لە تەواوی تەمەنم دا
ڕووم نەدەهات
بڵێم دایکم کوێندەرییە!
چی لە باران و برین وخەمم نووسی
قسەی منالآنی تر بوو!
بووکەڵەیەک،
بوو بە مەراقی منداڵیم!
باران تەنیا،
لەو دیو پەنجەرە ئەمبینی!
تاوان، گوناح،شوورەیی،خەم
پێخۆری دەورووبەرم بوو!
**
ئای لە ڕۆژانی بێزاریم
شێعر ئاوردووی ئازار بوو
تفەنگ،
ئەسپە دارینەی گیان!
هیوا،
خەونێکی بێ مانا!
ئازادی،
کابووسێکی شووم!
ئەوین،
ئەفسانەی ژیانم!
**
شێعرم،
گێڕانەوەی تاڵ بوو
لە سەفەری هات و نەهات!
دڵدانەوەی بەسەرهات بوو
لە سەر زاری کۆلارەکان!
**
من عومرێکە،

تەرجەمەی قینی خۆم دەکەم
خەمم دەکەم بە داستان و
بێخەبەریم لە قاو دەدەم!
گریانم بۆتە شوورەیی،
لە ناخمدا دەیشارمەوە!
ڕازی نیشتمانی دایکم،
وەک پژانی خوێنی کچێک،
لە خاک ئەنێم!
یەکەم دەسکەنەی پرچم دی
یاخی بووم و
بەیداخی نەفرەتم هەڵکرد!
لە شەوانی زاو وزێدا؛
شەنگە کچەکان ئەستێور و
هەموو پیاوەکان خەسا بوون!
ژن،
عەیبێکی ناو کۆمەڵ بوو!
پیاویش،
کوێرەوەری باوەڕ!
چەک،
ژنێکی حەشەری بوو
هەرشەو لە ژێر سەرۆکێکا
ڕاقە دەکرا!
قەڵەم،
بوختانی گەورە بوو!
متمانەی خۆی لە دەست دابوو!
خۆشەویستی خاک و خەڵک،
دێوجامە بوو!
ڕاوی ئاوەزیان پێ دەکرد!
**

وەرن،

هەناسەم لە دار دەن!
وەرن،
شێعرم ئاوەڕووت کەن!
نزاکانم،
لە قەبر نێن!
خۆشەویستیم شاربەدەرکەن!
من بە پیریش واز ناهێنم
لە عەشقی خاک!
لەشەیدایی ئێوەی ناشادا!
لە خەونەکانی کازیوەم!
**
ڕەنگە ڕۆژێک،
بەرەو لای ئێوە وەگەڕێم!
بەڵام دڵنیام ئەو ڕۆژە
شەقامەکان،
جێ نەفرەت نین!
قەڵەمەکان،
ناچنەوە سەر هێڵی تاوان!
شێعر،
ئاوردووی خەم نیە!
هیچ کەس پێی ناڵێ تاوانە!
شادی،
نابێ بە ئەفسانە!

# سەفەر

ف.ر.ئۆمید



من و مانگ و ئاو هەر سێ تینوو
من،تینووی گۆرانییێکی نەوتراوم
لە سەر زاری شنە بای بەیان
بۆ مندالی سپی بە خاچ کێشراوی ڕۆژ
مانگ تینووی
سێوەری درەختی ئەستێرە
تا سترانی ژیان لە زاری گیا و سەوزە و شەونمێ
تا ڕووناکی و
تا دەمەو بەیان
ئاو تینووی ڕۆیشتن
تێر کردنی سەراوی خۆزگە ی بیاوانێکی قسرو
سەفەر لە زەلکاوێ
بۆ ئەقیانووسێ لە نەسرەوتن
من پڕم
لەخەیالی تەر بوون ،ماسی بوون
مانگە شەو
حەیران و بەیت و لاوک ئەلی
ئاو،پڕ لە خەیالی پشوویێک
لەژێر سێوەری دارە سێوی مانگ.

# بۆ تۆ ئەگەر لەبیرتبێ

مادی ئەرجومەندی



اگر گناهم را میدانستم

از حدیثت برایش تبصره‌ای میبافتم

تا هر چند یکبار در چارچوبی که نداری میهمانم نکنی

تا حداقل قسم به مرگم گریبان خروجت را نگیرم

و دیگر تو اینگونه نا استادانه بودن با هم را

به "نقطه ضعف" معنا نبخشی

ببخش اگر از پرده سخن میگویم

بودنی که در زفافم زهر ریشه مینوشد و

سنگ مزارش بیرحمانه محو زمین میشود

امروز جمعه لب دریا چه بی صدا مینوازد

نت لبهایمان غرق میشوند اگر

قدمهایمان سکوت گورستان را نپیمایند

نه تو باورکن مرا

نه من پیامبر شدنم را از خطا

که سر تیتر گفتمان هر روزمان شده.

تکایە پاش پێداهاتنەوە و هەڵچنی، بابەتەکەنتان بنێرن.

jingovar@yahoo.com www.jingovar.blogfa.com